https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.10

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# ڕوانینێکی ڕەخنەییانە بۆ بابەتەکانی نموونەی ئەدەبی کوردی

## قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم

د. مزەفەر مستەفا ئیسماعیل
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی پەروەردە
mudtafar.ismahil@soran.edu.iq

د. مستەفا ساڵح مستەفا
وەزارەتی پەروەردە
Mustafasalih1973@gmail.com

**پوختە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر لایەنە باش و کەموکورتییەکانی بابەتەکانی نموونەی ئەدەبی کوردی لە کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم واتە پۆلەکانی حەفت و هەشت و نۆی بنەڕەتی.

بابەتەکان پێکهاتوون لە شیعر و چیرۆک و وتاری ئەدەبی  و چەندی دیکەش. قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم لە تەمەنی هەرزەکاریدان، بۆیە مامەڵەکردنیان کارێکی ئاسان نییە. لە ڕووی دەروونییەوە تا چ ڕاددەیەک ئەو دەقانە لەگەڵ ئەو تەمەنە گونجاون و ئامانجی خۆیان پێکاوە؟ پێکهاتەی وشەکان چۆنە و زمانی هۆنراوەکان و تەکنیکی چیرۆکەکان تا چ ڕاددەیەک هونەرییە و لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی ئەواندا دەگونجێت؟ توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت؛ لە بەشی یەکەم تیشک خراوەتە سەر گرنگی و بایەخی شیعر لە هەرسێ پۆلەکەی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم، لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە شیعرەکان شەنوکەو کراون. لە بەشی دووەمیشدا باس لەو بابەتانە کراوە، کە بە پەخشان نووسراون. لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکەوە هەڵسەنگێنراون.  پاشان گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک و سەرچاوەکان و ڕاسپاردە و پێشنیاریش بۆ وەزارەتی پەروەردە خراوەتە ڕوو.

**وشە کلیلییەکان:**  ڕەخنە، قۆناغی بنەڕەتی، بازنەی سێیەم، شیعر، پەخشان.

**ڕوانینێکی ڕەخنەییانە بۆ بابەتەکانی نموونەی ئەدەبی کوردی**

**قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم**

**پێشەکی:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕوانینێکی ڕەخنەییانە بۆ بابەتەکانی نموونەی ئەدەبی کوردی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم). نموونەی دەقی شیعر و پەخشانەکان بە نموونە هێنراوەتەوە و شەنوکەو کراون. قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم واتە پۆلی حەفت و هەشت و نۆی بنەڕەتی، کە جاران پێیان دەگوت قۆناغی ناوەندی.

ئاشکرایە زانستی ڕەخنە و ڕەخنەسازی لایەنێکی گرنگی هەموو دەقێکە و دەقەکە بە هێزتر دەکات و هەموو لایەنەکانی دەپشکنێ. لێرە و لەوێ بیستراوە و بینراوە، کە بابەتەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا کەموکورتییان تێدایە، بابەتەکانی شیعر و پەخشان لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندندا گرنگیی خۆی هەیە، چونکە لە کۆنەوە شیعر و پەخشان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پەروەردەکرن و ئاراستەکردنی مرۆڤەکان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕەخنەگرتن لەو بابەتانە و پێداچوونەوەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

ئەگەر چی بابەتی ڕەخنە وەک زانستێک زۆری لە بارەوە نووسراوە، بەڵام ڕەخنەگرتن لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنەوە ئەوەندە کاری لەسەر نەکراوە. توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆئەوەی توێژەران بتوانن توێژینەوەی زیاتر لەسەر قۆناغەکانی تر بکەن و لێکدانەوەی باشتری بۆ بکەن.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە لە بواری ڕەخنە هەر خۆی گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لە دنیای ئەدەبی ئەمڕۆماندا ڕەخنە فلتەرێکە دەقەکانی پێدا تێپەڕ دەبن و پاکتر دەبنەوە بە تایبەتییش ئەو دەقانەی، کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ چینێکی گرنگی کۆمەڵ دەکەن کە قۆناغی هەرزەکارییە.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

بابەتەکانی نموونەی ئەدەب بە شیعر و پەخشانەوە تاچەند لەگەڵ توانای ژیری و ئارەزووەکانی قوتابییانی قۆناغەکان گونجاون؟

چ بابەتێک زۆر باسکراوە و سواوە و چ بابەتێک کەمە و پێویستە زیاد بکرێت؟

بابەتەکان زیاتر هی چ قۆناغێکی مێژووی ئەدەبی کوردین و بابەتی چ قۆناغێک زیاد بکرێن؟

- هەوڵ دەدرێ لە میانەی توێژینەوەکەدا ئەو پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لەژێر ڕۆشنایی میتۆدی وەسفی-شیکاری نووسراوە. لە کۆتاییشدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین و دواتر چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێک ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کراون، بەو هیوایەی کاری لەسەر بکرێت. ئینجا ئەو سەرچاوانەمان نووسیوە کە سوودمان لێوەرگرتوون بۆ توێژینەوەکە و دواتر کورتەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## ١. بەشی یەکەم: تیشکێک لەسەر قۆناغی بنەڕەتی و بازنەکانی

### ١.١ قۆناغی بنەڕەتی:

ئاستی پێگەیشتنی هەر کۆمەڵگایەک بەندە بە جۆری خوێندن، هەروەها ڕاددە و چۆنیەتیی وەرگرتنی لە لایەن تاکەکانییەوە، پێشکەوتنەکانی ژیان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بە گشتی زادەی ئەو تێگەیشتنەن، کە خوێندن و پەروەردە بناغەی دروستبوونی تاک و کۆمەڵن، هەر کۆمەڵگەیەک بیەوێ لە ڕێڕەوی ئەو پێشکەوتنە دانەبڕێت، پێویستە لە ڕووی جۆرییەوە گرنگیی زۆر بە خوێندن بدات، لەو سۆنگەیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر قۆناغێکدا بەگوێرەی توانا هەوڵیداوە ئاست و جۆری خوێندن بە شێوەیەک بێت، بگونجێ لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی جیهانی دەرەوە، کۆتا هەوڵیشی ئەوە بوو، کە بڕیاری گۆڕانکارییەکانی لە هەردوو لایەنی پڕۆگرامەکان و لەنوێ دابەشکردنەوەی ئاستەکانیدا.

بەر لەوەی ئەو شێوازە تازەیەی دابەشکردنی ئاستەکان و لە سیستەمی پەروەردەدا پەیڕەو بکرێت، سیستەمی پەروەردە لە کوردستان لەسەر هەمان ڕێچکەی دابەشکاریی پێشوو بوو، کە میراتی پرۆسەی پەروەردەی حکومەتەکانی پێشووتری عێراق بوو، دابەشکرنەکەش لە سێ قۆناغی (سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی) پێکهاتبوو، بەڵام دوای ئەوەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەمدا پلانی گۆڕینی ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردەدا داڕشت، لەژێر دروشمی "گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن"(سیستەمی قوتابخانە

بنەڕەتییەکان:٢٠٠٩: ٢)، لە ڕێکەوتی (٢٢-٢٤)ئایاری ساڵی(٢٠٠٩) کۆنگرەیەکی پەروەردەیی بەست.

ئەنجامی کۆنگرەش سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیستەمی پەروەردەیی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، دیاریکردن و دابەشکردنەوەی ئاستەکانی خوێندن و گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندن دوو لایەنی دیار و گرنگ بوون، کە کۆنگرەکە جەختی لەسەر کردۆتەوە، لە ڕێکەوتی (٢١- ١- ٢٠٠٩) بە بڕیاری ژمارە (٧) ی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی پەروەردە کۆی سیستەمی قوتابخانەکانی پەسەندکرد، لە ناویشیاندا (سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان) بوو، لە سیستەمی تازەدا ئاستەکانی خوێندن بە شێوەیەکی نوێ دابەشکرانەوە، کۆی پرۆسەی فێرکردن لە وەزارەتی پەروەردە بەسەر هەرسێ قۆناغی باخچەی ساوایان، بنەڕەتی و ئامادەیی دابەشکران، لەناو قۆناغی بنەڕەتیش بە گوێرەی تەمەن و باری پێگەیشتووی قوتابییان چەند بازنەیەک لەیەکتری جیاکرانەوە.

ئەم قۆناغە (بنەڕەتی) لە چوارچێوەی دابەشکردنەکەی وەزارەتی پەروەردەدا، دوای قۆناغی باخچەی ساوایان دەستپێدەکات تاکو دەگاتە قۆناغی ئامادەیی ''بۆ ئەوەی سەرجەم منداڵانی کوردستان هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بە (٩) نۆ ساڵ خوێندنی تەوزیمی(پابەندبوون) بتوانن کەسایەتیی خۆیان دروست بکەن'' (سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان:٢٠٠٩: ٦) واتە ئەم قۆناغە (٩) ساڵ دەخایەنێت، لە شەش ساڵانەوە تاکو هەرزەکارێکی تەمەن پازدە ساڵی دەگرێتەوە، ئەم جیاوازییەش لە تەمەندا وایکردووە، پسپۆڕانی بواری پەروەردە ئەم قۆناغە بەسەر سێ بازنە دابەش بکەن، هەر بازنەیەکیش لە سێ پۆل پێکدێت، بەم شێوەیە:

1- بازنەی یەکەم پۆلەکانی (١-٢-٣) دەگرێتەوە.
2- بازنەی دووەم پۆلەکانی(٤-٥-٦) دەگرێتەوە.

3 – بازنەی سێیەم پۆلەکانی(٧-٨-٩) دەگرێتەوە.
“https://govkrd.b-cdn.net/Ministries/Ministry%20of%20Education/Kurdish

سەبارەت بە مامۆستایانی ئەم قۆناغە، ئەوا لە بەندی (١٥)ی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا هاتووە ”دەرچووانی کۆلیژی پەروەردە و پەروەردەی بنیات و پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان و هونەرە جوانەکان بە مامۆستا دادەنرێن لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان” (سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان:٢٠٠٩: ٩).

ئەو گۆڕانکارییانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەردوو لایەنی پڕۆگرامەکان و دابەشکردنەوەی ئاستەکانی خوێندن بەبێ ئامانج نەبووە، لەبارەی ئامانجەکانیشەوە وەزارەتی پەروەردە پێیوایە ” خوێندن بریتییە لە بەرهەمهێنانەوەی زانست و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی دەقەکان، ئەرکی قوتابخانە پەروەردەکردن ئامادەکردنی قوتابییە، ڕێنماییکاری قوتابییە بۆ ژیانی گەورەساڵی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەست لەژێر بەرپرسیاریدا بەشداری کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵدا بکات”( سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان:٢٠٠٩::٧)، ئەم دەربڕینەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە وەزارەتی پەروەردە گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی پڕۆگرامەکانی خوێندن لە ئاستی پێویستدا نین و ناتوانن مرۆڤی کاریگەر بخەنە ناو کۆمەڵگاوە، دیارە ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەندی بە جۆری پڕۆگرامەکان و تێڕوانینی کۆن بۆ پرۆسەی پەروەردەوە هەیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە ڕوانگەی بینینی وەزارەتی پەروەردەوە بۆ دۆخی پڕۆگرامەکان بەراوردێک لەنێوان هەردوو تێڕوانینە کۆن و نوێیەکە بکەین، ئەوا لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازییەکەمان بۆ دەردەکەوێت:

- له پڕۆگرامی کۆندا خوێندن به شێوەی تیۆرییە، بەڵام لەپڕۆگرامی نوێ دەبێ پشت به تاقیگه و فێربوون به کارکردن و ڕاهێنانکردن ببەستێت.
- له پڕۆگرامی کۆندا بەدواداچوون و لێکۆڵینەوه و شیکردنەوه و گەیشتن به چارەسەر نابینرێت، بەڵام له پڕۆگرامی نوێدا به بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت.
- ئەو زانیارییانەی به وتنەوەی تیۆری دەگەن به قوتابی ناتوانن ئامانجی بەرهەمهێنان به شێوازی پێشکەوتووانه بەدەستبهێنێت، له کاتێکدا پرۆگرامی نوێ بەو ئاراستەیه هەنگاو دەنێت.
- پرۆگرامی نوێ پشت به خۆفێرکردنی بەردەوام دەبەستێت بەو ئامانجەی توانا و کارامەییەکانی قوتابی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم هاوتابێت. (پەروەرده و فێرکردن، ٢٠٠٨: ١٧٧).

به وردبوونەوه لەم خاڵانەی سەرەوه ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، که گۆڕانکارییەکان بەو ئاراستەیەن که لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم بگونجێن، چونکه "بایەخ و گرنگیی بواری پەروەرده له سەردەمی زانست و تەکنەلۆجیا و شۆرشی زانیارییەکان و ئەلکترۆنیات چەند بەرانبەر زیاد دەکات، چونکه پەروەرده هۆکار و ئامرازی بنەڕەتی و سەرەکیی ئەو پێشکەوتنانه دەبێت، که له کۆمەڵگا ڕوودەدەن" (الحاج محمد، ٢٠٠٨: ٤٤)، لەپاڵ ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازییانەی له نێوان پڕۆگرامەکانی کۆن و نوێدا هەن، بۆ ڕزگارکردنی پرۆسەی پەروەرده و خوێندن، له سیستەمی پەروەردەی نوێدا ئاماژه بەچەند ئامانجێکی پەروەردەیی کراوه، دیاره بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش هەنگاوەکانی گۆڕانکاری گیراونەتەبەر، فراوانکردنی بیری قوتابی و پەرەپێدانی توانای لێکۆڵینەوه، ئامادەکردنی بۆ ناو کۆمەڵگا و پەرەپێدانی توانای دەربرین و ڕەخنەیی لای قوتابی،

هەروەها گۆڕانکارییەکان بەو ئاراستەیەبن کە دەستی کار دروست بکات و پێداویستیی بازاڕ پڕبکاتەوە، پەیوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و گفتوگۆ بنیادبنرێتەوە، لەپاڵ ئەمانەشدا گەشەدان بە توانای مامۆستایان تاکو بتوانن کارامەیی قوتابییان گەشە پێ بدەن. (پەروەردە و فێرکردن، ٢٠٠٨: ١٧٣-١٧٤).

بە شێوەیەکی گشتی لەپاڵ گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەمانە ئەو گۆڕانکارییانەن کە لە دابەشکردنی ئاستەکانی خویندن کراون، لەگەڵ ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە وەزارەتی پەروەردە لە ڕێی کۆنگرەی تایبەتەوە ئەنجامیداون.

### 1.1.1 ڕۆڵی شیعر لە پەروەردەکردندا:

لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ڕۆڵ و پێگەی گرنگ و کاریگەری لە گەشەپێدان و پەروەردەکردنی هزری مرۆڤدا هەبووە، بەبێ هۆکار نییە زۆربەی نووسراوە کۆنەکان و پاشماوەکانی ئەدەبی سەرزاریش بە شێوەی شیعرن، ئەدەبی منداڵانیش وەک بەشێکی گرنگی ئەدەبیی هەر نەتەوەیەک لەم پەروەردەکردنە بەشدارە، بە گەلێک فۆڕم و ژانری جۆراوجۆرەوە، ئەم جۆرە ئەدەبەش لە چەند ژانرێک پێکدێت، هەر لە ژانرەکانی وەک کۆمیدیا و تراژیدیا و شیعر و دراما تا دەگاتە ناونراوە تازەکانی وەک ئەدەبی هەرزەکاران، (رینولدز،٢٠١٤: ٨٥)، دیارە گرنگیی قۆناغی هەرزەکاری وای کردووە ژانرێکی تازەی ئەدەبەکە بەم ناوە بناسرێت، ''ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبی منداڵان پێیانوایە ئەم جۆرە ئەدەبە ئەدەبی بە ڕۆشنبیرکردنە، کاتێک خوێنەرانی بە خووڕەوشت و بەها و سیستەمی کۆمەڵگاکان ئاشنا دەکات، لەهەمان کاتدا دەکرێ ئەدەبی گفتوگۆ (جدل) بێت، کاتێک تێڕوانینی تازە دەستەبەر دەکات، کە لێیانەوە چەندین جۆر و ڕێگەی بیرکردنەوەی تازە لە بارەی جیهانەوە دەوروژێنێت''،

(رینولدن،٢٠١٤: ١٠٥) لەناو جۆرەکانی ئەدەبی منداڵانیشدا، شیعری فێرکردن وەک جۆرێکی سەرەکی ڕۆڵی بەرچاوی لەم نێوەندەدا بینیوە، ''چونکە هەموو ئەو لایەنانەی، کە دەبووایە فێربکرێن یانیش پێویست بوون بۆ فێرکردن لە پرسیارکردن و داواکردن و ئامۆژگاریکردن یان خەباتکردن... گشتیان لە ڕێگەی ڕیتم و یەکێتیی سەروای شیعری فێرکردنەوە ڕێکدەخران'' (قەرەنی، ٢٠٠٧:٢١)، ئەمەش ڕۆڵی شیعر لە ڕێکخستن و پەروەردەکرنی تاکەکانی کۆمەڵ دەردەخات.

دانانی شیعریش وەک پێهاتەیەکی گرنگی پرۆگرامەکانی خوێندن، نەک هەر لێرە، بەڵکو لە پرۆگرامەکانی خوێندنی هەر وڵاتێکی تردا، بە پێویست زانراوە، چونکە شیعر ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەست و دەروونی کەسی بەرانبەر جێدێڵێت، وای لێدەکات بیر و ئارەزووەکانی بجولێنێت، ئەم کاریگەرییەش لە ڕێگەی هەردوو لایەنی فۆڕم و مەبەستەوە دروست دەبێت، بۆیە هەوڵ دەدەین بە کورتی باس لە کاریگەری ئەم دوو لایەنە لەسەر هزر و ئارەزووەکانی قوتابییان و خوێندکاران بکەین.

### 2.1.1 لە ڕووی فۆڕمەوە:

وەک ئاشکرایە فۆڕمی شیعر لایەنەکانی (ڕیتم و زمان و وێنە) لەخۆدەگرێت، ئەوەی پەیوەندی بە منداڵان و هەرزەکارانیشەوە هەیە، دیارە بەهۆی ئەوەی کە ئەوان جیهانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە و لە زۆر ڕووەوە لە گەوران جیادەکرێنەوە، بۆیە واچاکە شاعیر لەکاتی نووسینی شیعری منداڵان، یان لە کاتی هەڵبژاردنی دەقێکی شیعری بۆ هەر قۆناغێکی پرۆگرامەکانی خوێندن، لە ڕووی زمان وێنە و ڕیتمەوە، ڕەچاوی هۆش و ئارەزووی وەرگرتن لای منداڵان لەبەرچاوبگرێت، زمانی ئەدەبی منداڵانیش بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی، نووسەر دەتوانێت سوودی لی وەربگریت و بیخاتە دووتوێی نووسینەکەی باشترین

سەرچاوەش منداڵ خۆیەتی بۆیە پێویستە نووسەر لە خودی منداڵ نزیک بێتەوە (شریف، ١٩٨٠: ٩).

ڕیتمی شیعری بە هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوەکی کاریگەریی شیعر لەسەر وەرگر زیاتر دەکات، بۆیە وا باشە شیعری منداڵان لەم ڕووەوە گرنگیی زۆری پێبدرێت، چونکە ئاوازی شیعرەکە خۆش دەکەن و سەرنجی منداڵان بۆ لای شیعرەکە ڕادەکێشن، بەهۆیەوە سوود و چێژ و خۆشی لە شیعرەکە دەبینن، کێش و سەروا وەک دووانەیەکی گرنگی ڕیتمی شیعری کاریگەریی تەواویان لەسەر کامڵبوونی چەشەی منداڵان هەیە، لە هەڵبژاردنیشدا دەبێ ڕەچاوی تەمەن و قۆناغی منداڵان بکرێت، چونکە ''کێشی درێژ کەمتر لەگەڵ حەز و ئارەزووی منداڵ دەگونجێ و هەناسەی سوار دەکات'' (ئیسماعیل،٢٠١٠:٥٣)، هەرچی سەرواشە زیاتر ئەو پیتانە بن، کە ئاشنان بە منداڵان و لەسەر زمان سادە و ئاسانن.

هەرچی پەیوەندی بە زمانیشەوە هەیە، ئەوا ئاشکرایە زمانی شیعری جیاوازە لە زمانی ئاسایی یان زانستی، شیعر زمانێکی تایبەتی هەیە و خاوەن کۆد و دەلالەتی خۆیەتی، لەپاڵ ئەمەشدا هەر شاعیرێک زمانەکەی جیاوازە لە یەکێکی دی، بگرە زۆر جاری وا هەیە هەمان شاعیر لە بەرهەمێک بۆ بەرهەمێکی تر زمانەکەی جیاوازە، ''زمانی شیعری شاعیر دەکاتە خاوەن تەکنیکی تازە و بە بنیاتێکی نوێوە وێنەکانی هەڵگری وێنەی ژیان و مرۆڤ و شتەکان ئەبێت و نهێنییەکانی دەق ئاشکرا ئەکا و واقیعی کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی ئەگۆڕێ''(ئەمین، ٢٠٠٢: ٢٧)، بەڵام ئەو شیعرانەی بۆ مەبەستی پەروەردە و فێرکردن دەنووسرێن، شاعیر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی دەکرێ واز لەو زمانە تۆکمە و پتەوە بهێنێت و بە زمانێکی سادە و ڕەوان بنووسێت، بۆ ئەمەش دەتوانێ زمانی ئاسایی ڕۆژانە و زمانە زانستییەکەی بواری پەروەردە تێکەڵ بە زمانی شیعری

خۆی بکات و ئەو وشە و دەستەواژانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ حەز و خولیای قوتابییانی قۆناغەکە دەگونجێن.

وێنەی شیعریش وەک پێکهاتەیەکی گرنگی شیعر لە هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی شیعری کوردیدا، شانبەشانی زمان و پێکهاتەکانی دی ڕۆڵ و پێگەی دیار و بەرچاوی هەبووە، ''بە گرنگترین لایەنەکانی پێکهاتەی شیعری دەژمێردرێت و بە بەشێکی هونەری بەرزیش دادەنرێت لە شیعردا'' (عیسا،٢٠٠٩: ٢١)، سەبارەت بە قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی شیعریش، ئەوا ''یەکێکە لە ڕەگەزە چالاکەکانی شیعر بە تایبەتیش لە شیعری نوێدا کە بە گەلێک شێوە دروستدەبێت، گەلێک ئەرکی جیاواز دەبینێت، یەکێک لەوانە دوای نەمانی سەروا وێنە ڕۆڵی لەیەکگرێدانی پارچەکانی شیعر دەگرێتە خۆ، لە شیعری کلاسیکی کە ئەم ئەرکە نابینێت، بەڵام ئەرکی گوزارشتکردن و ڕازاندنەوە و ئیحا دەبینێت، بۆیە لە شیعری کلاسیکیشدا ڕۆڵی کەم نییە و زیاتر لە وێنەی ڕەوانبێژیدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەهۆی هونەرەکانی لێکچواندن و خواستن و درکە و جۆرەکانی تری خوازە دروستدەبێت'' (عیسا، ٢٠٠٩: ٢١).

دیارە وێنەی شیعری لە شیعری کۆن و نوێدا ڕۆڵ و گرنگیی خۆی هەیە، ئەگەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە ئاوڕێک لە شیعری کلاسیکی کوردی بدەینەوە ئەوا دەبینین لەبەر بوونی بابەتەکانی ڕەوانبێژی، کە زۆربەیان یارمەتیدەری پێکهێنانی وێنەی شیعرین، ئەوا وێنەی شیعری ڕۆڵێکی زۆری لە پێکهاتەی ئەم جۆرەی شیعر بەرکەوتووە، بە تایبەتی کە لەو باوەڕەدابین، وێنەی شیعری کرداری یاریکردن و وێنەکێشانە بە وشە. سەبارەت بە لایەنی تێگەیشتن و وەرگرتنی دەقە شیعرییەکانیش لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ئەوا بە بڕوای ئێمە دەبێ ئەو دەقە شیعرییانەی لە قۆناغە جیاجیاکانی

پرۆگرامی پەروەردەییدا جێگیردەکرێن، لەگەڵ ئاست و پێگەی تێگەیشتنی قوتابییان بگونجێن، لەو سۆنگەیەی کە وێنەی شیعری بابەتێکی ئاڵۆزی بنیاتی دەقی شیعرییە، ئەگەر ڕەچاوی تەمەن و قۆناغی گەشە و پێگەیشتنی منداڵان نەکرێت، لەجیاتی سوود پێگەیاندنیان، زیانیان پێدەگەیەنێت، کاتێک بە ئاسانی لە واتای شیعرەکە ناگات و ناتوانێ مەبەستە شاراوەکانی ئەودیوی وێنەکان تێبگات، بەمەش لەجیاتی گەشەکردنی حەز و خولیا و چەشەی شیعری، جۆرێک لە کینە و ناپەسەندیی شیعری لا دروستدەبێت، بە تایبەتی کاتێک چەند شیعرێکی کلاسیکی یەک لە دوای یەک لە پرۆگرامەکانی قۆناغێک جێگیردەکرێن، وەک ئاشکرایە شیعری کلاسیکی لەپاڵ زمانە تێکەڵەکەی لە وشەی کۆن و بێگانە، لە ڕووی ڕەوانبێژیشەوە زۆر دەوڵەمەندە، ئەم دوو لایەنەش بەسن بۆ دروتسبوونی ئاریشە لە وەرگرتن و تێگەیشتنی قوتابییانەوە.

### 3.1.1 لە ڕووی مەبەستەوە:

ئەگەر فۆڕم ڕوویەکی گرنگی شیعر بێت، ئەوا مەبەستەکان ڕووە گرنگەکەی ترن، بە هەردووکیان ئەو ڕەگەزە کاریگەرەی ئەدەب تەواو دەکەن، ئاشکرایە شیعری کوردی لە ڕێڕەوی گەشەکردنیدا زۆر مەبەستی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، لە قۆناغە جیاجیاکانی گەشەسەندنی ئەدەبی کوردیدا، شیعر ئەرکی جیاوازی پێ سپێردراوە، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا بە گوێرەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا ئەرکدارکراوە، شیعری کلاسیکی لەپاڵ فۆڕمە ئاڵۆز و تایبەتەکەی، لە ڕووی مەبەست و ئەرکیشەوە فرەچەشن بووە، کاتێ شیعری کوردی پێ دەنێتە قۆناغێکی تازەوە، لەپاڵ مەبەستەکانی پێشووتریدا چەندین مەبەستی تازەی وەک پێداویستیی قۆناغەکە زیادکردووە، هەرکاتێکیش کۆمەڵگەی کوردەواری تووشی نائارامی و ئاریشەیەک بووبێت، ئەوا ''شاعیرانی کوردیش وەکو هاووڵاتی و خەمخۆری ڕاستەقینەی نەتەوە و وڵاتەکەیان ڕوویان لەو

بارودۆخە نائارامە کردووە و بەشدارییەکی چالاکانەی بارودۆخەکەیان دەکرد و بە شیعرەکانیان ڕەنگی ئەو تاڵییەی ژیانی میللەتان و میللەتی کوردیان دەدایەوە'' (ئیسماعیل، ٢٠١٠: ١٠٩)، دیارە لەپاڵ گرفتەکانی کۆمەڵی کوردەواری، شاعیرانمان ئاوڕیان لە ژیان و خەباتی گەلانی تریش داوەتەوە، ئەم هەستە مرۆڤدۆستییەش بە ڕوونی لە شیعری کوردی دیارە، ''پەیامدارانە و وشیارانە ڕوویان لە چەند بابەتێکی شیعری کردووە تا ئەرکێکی دیاریکراویان پێ ببینن، وەک ئەرکی سیاسی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ئاینی...'' (ئیسماعیل، ٢٠١٠: ١٠٩).

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باس لە ناوەڕۆک و ئەرکەکانی شیعری کوردی بکەین، چەندین مەبەستی جۆراوجۆر دەبینین، بەڵام ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئێمەیە باسکردنە لەو جۆرە شیعرانەی بۆ قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن بە گشتی و قۆناغی هەرزەکاری(١٢- ١٥ساڵ) بە تایبەتی دەشێن، (د.فازل مەجید) لە کتێبی (شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا) بە شێوەیەکی گشتی مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا دیاریدەکات و پێیوایە بە گشتی مەبەستەکان بریتین لە ''پەروەردەی نیشتیمانی، فێرکاری و خوێندن، ڕەوشتی، مرۆڤایەتی، هۆشەکی و دەروونی، وەرزشی، ئاینی و تەندروستی'' (مەحموود،٢٠٠٤: ١١٦)، دیارە مەبەستەکان لە چوارچێوەی چەند لایەنێک دیاریکراون، ئەوەی بەلای ئێمەش گرنگە، سوود بینینە لەو شیعرانەی کە دەگونجێ بخرێنە پڕۆگرامی خوێندنی قۆناغی دیاریکراوەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ زیاتر بەلای ئەو دەقانە بڕۆین، کە دەلالەتی پەروەردەیی و فێرکردنیان تێدایە. ''دەبێ بناغەیەکی ڕووناک و پتەو لە ناخی منداڵاندا دامەزرێنێ بە کارێکی وەها کە لە ئایندەیاندا تووشی ناکۆکیی دەروونی و دڵەڕاوکێ و گیروگرفتی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی وایان لێ نەکات کە نەتوانن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بە ئاسانی بگونجین'' (هەورامی،٢٠٠٧: ٣١)، چونکە بناغەدا ئەدەبی منداڵان مەبەستی پەروەردە و فێرکردنە،

''شیعری فێرکردن خۆی مەبەستە و مەبەستە گشتییەکەش فێرکردنە و هەر کەسێک ئومێد دەکات تێی بگات، چونکە لە بازنەی سوودبەخشین و ڕەواییدا دەخولێتەوە'' (قەرەنی،٢٠٠٨: ٢٨). بۆ ئەوەی قوتابییان سوود لەو دەقانە وەربگرن، وا ڕادەهێنرێن کە لەپاڵ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان ئەزبەری بکەن، ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگەی ''ئەزبەرکردن یان خوێندنەوە یان گوێگرتن ئەنجامدەدرێت، بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی وەرگری پێ بەرزبکرێتەوە'' (قەرەنی، ٢٠٠٨: ٢٨).

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین هەڵبژاردنی هەر دەقێک بۆ پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی هەرزەکاری، پێویستی بە سەرنجی ورد و سەلیقەی تەواو هەیە، چونکە ناکرێ مەبەستێکی شیعری بەتەنیا زەقبکرێتەوە و مەبەستەکانی تریش پشتگوێ بخرێن، چونکە هەرزەکار لەم قۆناغەدا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانە دەگەڕێ، کە لەلای دروستدەبن، بە تایبەتی ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە لایەنی سۆزداری و ئەو گۆڕانکارییانە هەیە کە لە ئەنجامدا لە جەستەیدا دروستدەبن. ئەدەبی منداڵانیش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕیت لە پەروەردەکردنی لایەنی سۆزداری، بە تایبەتی پەروەردەی سێکسی، بەڵام لە جیهانی عەرەبی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا کە ماڵ و قوتابخانە دوو شوێنی گرنگن بۆ پەروەردەکردن، دەبینین ئەو دوو شوێنە بە تەواوی شیاوی ئەو جۆرە پەروەردەکردنە نین، چونکە ئەو دیاردەیەی کە هەرزەکار ئارەزووی بۆ دەجولێت، دەبەسترێتەوە بە شتە حەرام و قەدەغەکراوەکان و وەک تاوان تەماشادەکرێت، هەرزەکار ناتوانێ پرسیار لەم بارەیەوە بکات، (الهیتی،١٩٧٧ :٤٩) هەر لەم قۆناغەدا هەرزەکار حەز بە سەربەخۆیی کردار و گوفتار دەکات، لەپاڵ ئەمەشدا حەز بە خوێندنەوەی چیرۆکی پۆلیسی و دزی و تاوان و توندوتیژی دەکات، لە هەمان کاتدا حەز بە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆکی خۆشەویستی دەکات حەز و هەستی بەرە و هەموو شتێکی جوان دەڕوا و کاری تێدەکەن و هەندێ بیروباوەڕی ڕۆمانتیکیانە بەسەریدا زاڵ

دەبێت، لە ڕوانگەی خۆشەویستییەوە یان لە ڕوانگەی خۆبەختکردن و بەرگری لە چەوساندنەوە و هەستی نیشتیمانپەروەرییان تێدا دەبزوێ... ئەمانە هەموو ئەو هەستانەن کە لە هەرزەکاری ئەم قۆناغە بەدیدەکرێن (مەحمود،٢٠٠٤: ٤٠)، فەرامۆشکردن و ڕەچاونەکردنیشیان جۆرە ئاستەنگێک بۆ خودی هەرزەکاران دروستدەکات.

### 4.1.1 گەشەی زمانی و دەروونیی قۆناغی بنەڕەتی

قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم، کە لە پۆلی حەوتەمەوە دەستپێدەکات، لە ژیانی هەموو قوتابییەکدا قۆناغێکی هەستیار و گرنگە، بۆیە پەروەردەیەکی دروست لەم قۆناغەدا ئەرکێکی پەروەردەیی زۆر گەورەیە کە دەکەوێتە سەر شانی دایک و باوک و مامۆستایان.

ئەم قۆناغە قۆناغی هەرزەکاریشە، ''زۆر لە زانایان لەو بڕوایەدان کە لە دەوروبەری یازدە یان دوازدە ساڵی ژمارەیەک لە منداڵان دەچنە ناو قۆناغی هەرزەکاری'' (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٤٣٦) کەواتە مەرج نییە هەموو منداڵان لەیەک کات و ساتدا بچنە ناو قۆناغی هەرزەکارییەوە، چونکە جیاوازیی تاکایەتی لەنێو هەموو چینەکانی کۆمەڵ هەیە و لە منداڵ و هەرزەکارانیشدا زیاتر دەردەکەوێت.

زمان لەم قۆناغەی تەمەنی مرۆڤدا تەواو هەراش بووە و هەرزەکار زمانی دایک بە تەواوی و بێ کەموکورتی بەکاردەهێنێت، ''واتا و مەبەستەکانی لە لا ڕوون و ئاشکرا دەبێت، هەتا توانای نووسینی بەرهەمی ئەدەبی و شیعریشی لا پەیدادەبێت'' (مەجید،٢٠٠٤: ٣٨). زمان و تێگەیشتن و تێنەگەیشتنی لەم قۆناغەدا نابێتە کێشە، چونکە ئیدی ئەو کەسە هەموو یاسا و ڕێساکانی زمانی دایک بە تەواوی و بە ڕاستی بەکاردەهێنێت و هەموو نووسراوێکیش کە بە زمانی دایکی خۆی نووسرابێت دەتوانێت بیخوێنێتەوە.

ئەو کۆمەڵگایەی، کە منداڵەکەی تێدا دەژیت کاریگەریی تەواوی لەسەر زمانی منداڵەکە دەبێت چونکە ''ژیانی کۆمەڵایەتیی ئادەمیزاد سەرچاوەی داهێنانی زمانە'' (هەورامی،٢٠٠٥: ٢١)، بە واتایەکی تر بەڕێکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکە بۆ لەیەکترگەیشتن، بۆیە زمانی کۆمەڵگا سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ زمانی تاک و سەرچاوەی داهێنانە.

سەبارەت بە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک و بابەتە ئەدەبییەکان لەلایەن هەرزەکارەوە ڕای زانایانی ئەم بوارە وایە، کە بە پێی ڕەگەز دەگۆڕێت ''منداڵانی تەمەن دوازدەساڵان و سیانزەساڵان کوڕان چیرۆکی ئەفسانە و چیرۆکی ئاژەڵانیان پێ باشترە دوای ئەوانەش چیرۆکی پاڵەوانێتی وەرگێردراو و چیرۆکی زانستی، لە هەمان کاتدا کچان چیرۆکی وەرگێڕدراو و چیرۆکی زانستی و پاشان چیرۆکی کۆمەڵایەتی و دوای ئەوانەش چیرۆکی خۆشەویستی و سۆزداری بە باشتر دەزانن'' (ئەبومەعال،٢٠٠٥: ١١٣). پێویستە چیرۆکگێڕەرەوە بە پێی ئارەزووەکانیان چیرۆکیان بۆ بگێڕێتەوە، کە لێرەدا گێڕەرەوە دەقی کتێبەکانە کە لە پرۆگرامەکەدا جێگیرکراوە و بۆیە کەسانی شارەزا لە بواری دەروونناسیی هەرزەکار لەم شوێنە کاربکەن و ڕۆڵیان هەبێت لە دانانی پڕۆگرامی بابەتەکان زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەکە. هەرچەندە کوڕان و کچان لە هەندێک شت جیاواز بن، بەڵام دواجار هەر لەیەک قۆناغن و وێکچوونی زۆریشیان هەیە.

شاعیر یان نووسەر کاتێک دەیەوێت شیعرێک یان چیرۆکێک بۆ هەرزەکار بنووسێت دەبێت ئەوەی لەبیر بێت کە بۆ کێ دەنووسێت ''ئەرکی پەروەردەکارە کە چیرۆکی وای پێشکەش بکات کە جەخت لەسەر خودی خۆی بکات بە بابەتی ئامانجدار بەو شێوەیەی کە چۆن لە ژیان دەگات و چۆنییەتی کارلێککردنی ئیجابی لەگەڵ ژیاندا'' (ئەبومەعال،٢٠٠٥:

٢٢). ئەو دەقانەی کە لە ناو کتێبەکاندا بۆ هەرزەکار دەنووسرێت دەبێت داکۆکی لە حەز و ئارەزووەکەی  بکات و خەونەکانی خۆی تێدا ببینێتەوە، ئەگەر وانەبوو ئەوا هەرزەکار حەز بەو جۆرە دەقانە ناکات و لێی بێزار دەبێت.

وەک لە پێشەوە باسکرا مەسەلەی ڕەگەز بۆ هەموو کەسێک گرنگە، بە تایبەتی هەرزەکار، چونکە وەک دەرکەوتووە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە یەک کات و لە یەک تەمەندا ناچنە ناو قۆناغی هەرزەکارییەوە، بۆیە گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتیشیان وەکو یەک نابێت. زۆربەی ڕایەکانیش لەسەر ئەوەن کە کچان پێش کوڕان دەچنە قۆناغی هەرزەکارییەوە، ''لێکۆڵینەوەیەک کراوە لە ئەمەریکا دەریخستووە کە لە ٥٠%ی کچان لە تەمەنی ١٣.٥ ساڵیدا دەکەونە بێ نوێژییەوە و لە٥٠%ی کوڕانیش لە تەمەنی ١٤.٥ساڵیدا خەو دەبینن واتە (احتلام) دەبن'' (ژاڵەیی،١٩٨٣: ١٠٠) پێویستە لە نووسینی دەقدا مەسەلەی ڕەگەزیش لەبەرچاوبگیرێت و بەهەند وەربگیرێت، وەک تێبینیشمان کردووە لەو دەقانەی کە لە کتێبی کوردیی ئەم قۆناغانە دا هەن ڕەچاوی ئەم خاڵە نەکراوە و باسیشی لێوە نەکراوە. ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە زۆربەی قوتابخانەکان کوڕ و کچ پێکەوەن و ئەم کارەش هەر وا ئاسان نییە.

لە خوێندنەوە و حەزکردن بە جۆرەکانی چیرۆک و بابەتە ئەدەبییەکان لەلایەن هەر دوو ڕەگەزەوە ڕای جیاواز هەیە ''لە کۆتایی سیانزە ساڵیی و سەرەتای چواردە ساڵی کوڕەکان چیرۆکەکانی ئەدەبیی ئاست بەرزی جیهانییان پێ باشترە کە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام کچەکان چیرۆکی ئاژەڵان و سۆزداری و کۆمەڵایەتییان پێ باشترە'' (ئەبومەعال،٢٠٠٥: ١١٤). لە زۆر باردا هەردوو

ڕەگەز لەیەکتری جیان و لە زۆر باری تریشدا دەکەونە یەک پاکێجەوە، بۆیە زۆربەی لێکۆڵەرانیش باسی جیاوازییەکانیان ناکەن.

## 2.1 فۆرم و ناوەرۆکی شیعر لە قۆناغی بنەڕەتیی بازنەی سێیەم:

### 1.2.1 فۆرمی شیعر لە قۆناغی بنەڕەتیی بازنەی سێیەم:

#### 1.1.2.1 لە ئاستی وشە:

گومانی تێدا نییە وشە سادەترین پێکهاتەی واتاداری زمانە، هەموو ئاستەکانی تری زمان لە لێکدان و کەڵەکەبوونی ئەوەوە پێکدێن، بۆیە لە پێکهاتەی زماندا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی هەیە. شیعریش وەک یەکەیەکی زمان لەم کاریگەرییەی وشە بەدەر نییە، جۆر و پێکهاتەی وشەکان کاریگەریی تەواویان لەسەر خودی شیعرەکە و خوێنەرانی هەیە، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا باسی پێکهاتەی وشە و کاریگەری لەسەر وەرگرتن و تێگەیشتنی قوتابییان کراوە، لێرەش دەمانەوێت لە ڕێگەی لێکدانەوە و بەدواداچوونی پێکهاتەی وشەکان لەو شیعرانە بدوێین، کە لە هەر سێ کتێبی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم هەن، بەگوێرەی توانای درککردنمان ئەوە نیشانبدەین، کە ئەو شیعرانەی بۆ ئەو قۆناغانە دانراون لە ڕووی پێکهاتەی وشەکانیانەوە تا چەند لەگەڵ پێکهاتەی هزری و چەشە و زەوقی قوتابییان گونجاون؟ ئایا ئاستی تێگەیشتنی قوتابییانی ئەم بازنەیە لەگەڵ پێکهاتەی وشەکان و کۆنی و تازەیی و ڕاددەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە، تا چ ئەندازەیەک یەک دەگرێتەوە؟ ئایا ڕەچاوی جیاوازیی تەمەن و ئاستی پێگەیشتنی قوتابییان لە هەر سێ قۆناغەکە کراوە، یان وەک یەکەیەک تەماشاکراون و مامەڵەیان لەگەڵ کراوە؟

بۆ ئەم مەبەستەش شیعرەکانی هەر سێ کتێبی قۆناغەکە یەکبەیەک دەخەینە بەر تیشکی لێکدانەوە و بەگوێرەی پێویست ئەندازەی ئەو سێ لایەنەی ئاماژەمان بۆکرد دیاریبکەین.

### 1.1.1.2.1 ئاستی وشە لە شیعرەکانی پۆلی حەفتەم:

گومانی تێدا نییە قوتابی لەم قۆناغەدا هێشتا منداڵە و تەمەنی لە دوازدەساڵانە، هێشتا لە ڕووی زمانەوە بەو ئەندازەیە پێنەگەیشتووە، کە بتوانێت لە هەموو وشە و زاراوەیەک بگات، لە بیر و هزریشیدا بمێنێت، بۆ ئەوەی قوتابی لە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم قۆناغە تووشی ئاستەنگیی تێنەگەیشتن و بێزاری نەبێت، وا باشە بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ ئەدەبی منداڵان لەو کەرەستە فێرکاری و پەروەردەییانە بنیات بنرێت، کە لەگەڵ ئارەزوو و ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانەی یەک دەگرێتەوە، چونکە ئەم جۆرە کەرەستانە سەرنج و چێژی منداڵان بۆ کار و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان پەرە پێدەدەن و کاریگەریشیان دەبێت بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی توانای ژیری و زمانیی منداڵان، (عبدالمجید، ٢٠٠٥: ٢٩٩) هەروەها ئەو شیعرانە بۆ ئەم قۆناغە دابنرێن، کە لە ڕووی هەڵبژاردنی وشەکانەوە سادەن و تەواوکەری قۆناغەکانی پێشوون، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پێکهاتەی شیعرەکان ئاسان و ڕەوان بن و دووربن لە وشەی گران و کۆن و بێگانە، ئەمەش زیاتر هانی قوتابییان دەدات بەرهەمەکەیان خۆش بوێت و لێی بێزار نەبن، شیعری شاعیرانی کلاسیکی لەم قۆناغە دانەنرێت، چونکە ئاشکرایە شیعری کلاسیکی لە ڕووی پێکهاتەی وشەکانەوە بۆ ئەم قۆناغە گران و زەحمەتن.

بە گوزەرکردنێک بەناو بەشی نموونەی ئەدەبیی کتێبی ئەم قۆناغەدا، دەبینین شیعرەکانی شاعیران (قانیع، جگەرخوێن، بەختیار زێوەر، سەلام، ئەحمەد موختار بەگ، هێمن، ئەحمەدی ناڵبەند، مەلا ئەنوەری مایی) لەپاڵ ژیانی شاعیرەکان دانراون، بە گەڕانەوە بۆ ژیان و شیعری ئەو شاعیرانە

دەبینین بەشی زۆریان شاعیری نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوون، یان لە ڕووی نووسینی شیعرەوە پابەندی  شێوازی نووسینی شیعری ئەوانن، وەک ئاشکرایە شیعری کوردیش لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەولاوە ڕووی لە تازەبوونەوە کرد "تازەکردنەوەی شیعری کوردی لەماوەی سالانی ١٨٩٨–_ ١٩٣٢ ویڕای ئەوەی لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی بەهرەمەند و داهێنەردا هاتە کایەوە، کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی و دەرەکیشی لەپاڵ بوو" (باڵەکی، ٢٠٠٥ :١٧٩)، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوی خۆی لە پاشماوەکانی شیعری کۆن ڕزگار بکات، شیعری کۆنیش بە هۆکاری جیاجیا پڕ بووە لە وشەی بێگانە "وشەی عەرەبی جێگای لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا کردۆتەوە لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی زمانی قورئان و ڕۆشنبیریی ئیسلامییە، هەروەها وشەی تورکیش خۆی ئاخنیتە ناو زمانی کوردی، چونکە زمانی تورکی زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی عوسمانی بووە، وشەی فارسیش جێگای خۆی کردۆتەوە، چونکە سەردەمێک ئێران فەرمانڕەوایی بەشێکی کوردستانی کردووە" (فەرهادی، ١٩٨٨ : ١٩) بۆیە دەبینین لە ڕووی پێکهاتەی وشەکانەوە شیعرەکانی ئەم قۆناغە کەم تا زۆر وشەی گران، کۆن و بێگانەیان تێدا بەرچاودەکەوێت، ئەمەش بۆ سروشتی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە شیعرەکانی تێدا نووسراون "شاعیران وشەی هەموو شیعری ڕۆژهەلات و زمانانی ڕۆژهەلات بە مەڵکی خۆی دەزانێ، لەبەر ئەوە وشە (مفردات)ی ناو شیعری کوردی ئەو سەردەمە لە کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و زۆر تەعبیر و ئیستیلاحی ئیسلامی تێکەڵە" (ڕەسوڵ، ١٩٩٠ : ٤٣).

لەناو دەقە شیعرەکاندا لەپاڵ بەرچاوکەوتنی چەندین وشەی بێگانە لە شێوەی (فەزل، نەجیب، مەزلوم، جەواهیر، کوحل، زەفەر، بەسەر...) و (مقابیل، قەرە، حال، تەخمین، سیفەت) ل١٥٥، وەک لەم دێرە شیعرەی (ئەحمەد موختار بەگ) بە ڕوونی دیارە:

(دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە

لە سایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە) ل١٤٧

دەیان وشەی کۆنیش بەرچاودەکەون، کە بۆ ئێستای پەروەردە و فێرکردن کەمێک گرانن، لە نموونەی (خەنەس، مەزدەک، هێستر، زوبان، سیا...) وەک لەم دێرەی (جگەر خوێن) دیارە:

(ڕوویێ تە ئاگرێ زەردەشت و مەزدەک

ژ تە هێستر شەرابا کامیرانێ) ل١٣٨

هەروەها گەلێک وشەی گران لە ڕووی پێکهاتەی دروستبوونەوە بەرچاودەکەون، وەک (ئاویلکەدان، زێوەری شاهانە، ناز و گەور، ئان و زەمان، بێڤەمان...)، بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنی قوتابییانی قۆناغەکە، ئەو جۆرە شیعرانە لە ڕووی بەکارهێنانی وشەوە دەچنە خانەی ئەو شیعرانەی تێگەیشتنیان گرانە و تا ڕاددەیەکی زۆر ئاستەنگ لەبەردەم تێگەیشتنی قوتابییان دروستدەکەن.

### 2.1.1.2.1 ئاستی وشە لە شیعرەکانی پۆلی هەشتەم:

ئەگەرچی قوتابییانی ئەم قۆناغە لە ڕووی تەمەنەوە ساڵێک لە قۆناغی پێشوو گەورەترن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە زۆر کراوەتر و پێگەیشتووترن، هەرچەندە لە ڕووی زمان و قۆناغی خوێندنەوە پلەیەک بەرزترە و "دەتوانێ هەموو جۆرە کتێب و بابەتێکی بە زمانی دایکی نووسرا بێت بخوێنێتەوە و لێی تێبگات" (مەحمود، ٢٠٠٤ :٣٩)، بەڵام وەک ئاشکرایە زمانی شیعر جیاوازە لە زمانی ئاسایی "شاعیرەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی شیعرییان پەنا بۆ فەرهەنگی

دیالێکتەکان دەبەن" (بکر، ٢٠٠٤ : ٤١) بۆیە دەبێت بۆ هەڵبژاردنی دەقەکان ڕەچاوی ئەو لایەنە بکرێت.

بە خوێندنەوەیەکی وردی دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە، کە شیعرەکانی هەر یەک لە (موفتی پێنجوینی، قەدری جان، بێکەس، ئەسیری، دڵدار، ساڵح یوسفی، کاردۆخی، سوارەی ئێلخانی زادە، ئەحمەد دڵزار) دەبینرێن، چەند سەرنج و تێبینییەک دروستدەبن.

ئەگەر بە وردی سەرنج لە شاعیرانی ئەم قۆناغەی بازنەی سێیەم بدەین، دەبینین وەک قۆناغی پێشوو شاعیری هەمان کات و سەردەمن، واتە  هیچ جیاوازییەکی وا لە نێوان شێوە و پێکهاتەی شیعرەکانیان نییە، تەنیا لە شیعرەکەی (ئەحمەد دڵزار) نەبێت، زمانەکەی سووکتر و ڕەوانترە:

(مانگی گوڵانە گوڕەی بەهارە

زەمین سەراپا باخ و گوڵزارە

مافوری سەوزی هەردان گوڵ گوڵە

گوڵشەن بەجارێ پر لە بولبولە) ل١٧٤

بە گشتی هەمان سەرنج و تێبینییەکانی قۆناغی حەوتەم لێرەش دووبارە دەبنەوە، وشەی بێگانەی وەک (مەدەنییەت، بەشەرییەت، خولاسە، کەمال، مەزهەب) ل١٣٦ و (قەوم، عالەم، عەزم، قەتعییەن، مەحزوون، مەلول، نەجات، )ل١٤٢ و (عەزیز، ئاسار، حەیوان، سەرف، عەمیم، وجود، ئیحسان)ل١٥١ و (قیبلەگاە ، خولقان، فامیدە، عیلاج، ئینتیزار) بەرچاودەکەون، وەک لەم کۆپڵە شیعرەی (قەدری جان) دا دیارە:

(گوە مەدە ئەفسانەیێ دێوان

ب شوندا نەمینە ژ کاروان

کاروانێ مەدەنییەت

گروهێ بەشەریەت

خولاسە

پێشی و پاشیا فەلسەفە

فەلسەفەیا مە

دین، مەزهەب ئیمان

ببە ئینسان ببە ئینسان) ل١٣٦

ئەمە جگە لەوەی وشەی کوردیی کۆنی وای تێدایە، ئەمڕۆ ئەگەر بەکاریشبهێنرێن لە ئاستی تێگەیشتنی قوتابییانی ئەم قۆناغە نییە، وەک وشەکانی (غەوارە، زریقوباق، بێرە، خوێشان، تالوکێ، مەشک، فەتسی، پۆست، مەیتەر، مێمل...).

### 3.1.1.2.1 ئاستی وشە لە شیعرەکانی پۆلی نۆیەم:

جیاواز لە هەر دوو کتێبی قۆناغەکانی حەوتەم و هەشتەمی بنەڕەتی، لەم قۆناغەدا لە پاڵ نموونەکانی ئەدەب، باس لە جۆر و مەبەستەکانی شیعر و داستان کراوە، بە گوێرەی پێویست نموونەی شیعرییان بۆ هێنراوەتەوە، ئەمەش وا دەکات ئەو نموونە شیعریانە لەگەڵ دەقەکانی تری بەشی نموونەی ئەدەب بکەونە چوارچێوەی باسکردنی ئێمەوە.

سەرەتا دەبێ ئەو ڕاستییە دووبارەبکەینەوە، کە شاعیرەکانی ناو کتێبی ئەم قۆناغەش وەک قۆناغەکانی حەوتەم و هەشتەم، هی هەمان سەردەمن و شاعیری کلاسیکین، یان شاعیری سەرەتاکانی تازەگەری ئەدەبی کوردین، شاعیری وایان تێدایە لە ڕووی تەمەنی شیعرییەوە تازەترن، بەڵام لە ڕووی شێوازی نووسینەوە لە شاعیرانی پێش خۆیانەوە زۆر نزیکن. لە کتێبی ئەم قۆناغەشدا نموونەی شیعری بۆ (حاجی قادری کۆیی، وەلی دیوانە، پیرەمێرد، هەژاری موکریانی، دیلان، سەبری بۆتانی) بە باسکردنی کورتەیەک لە ژیان و نموونەیەکی شیعرەکانیان خراونەتەڕوو.

سەبارەت بە پێکهاتەی وشە لە شیعرەکانی ئەم قۆناغەدا، بە بۆچوونی ئێمە هیچ جیاوازییەک لەگەڵ قۆناغەکانی تر نابینرێت، هەر لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە تا بەکارهێنانی وشەی کۆن و گران لە ڕووی فۆڕمی دروستبوونەوە، وەک لەم خشتەیە دیارە:

خشتەی ژمارە (1)

| پۆل | ژمارەی وشەکان |
|---|---|
| حەوتی بنەڕەت | ٢٧ |
| هەشتی بنەڕەت | ٣٧ |
| نۆی بنەڕەت | ٤٢ |

تەنیا هەر دوو دەقەکەی (هەژاری موکریانی و سەبری بۆتانی) لێ دەربچێت، کە زمانی نووسینیان تا ڕاددەیەکی باش سووک و ئاسانە وەک لەم دوو دێرەی (هەژاری موکریانی):

(بولبول ئەی یارەکەی دێرین      خونچیلانەی دندوک زێڕین

هاوفەردی زووم بۆ هەژاری      هاوڕێی پیشووم بۆ دڵداری)

ل١٧٠

بە هێنانەوەی نموونەی شیعری لە شاعیرانی کۆنی وەک (ئەحمەدی خانیێ، حاجی قادری کۆیی، وەلی دێوانە، پیرەمێرد) وشە بێگانە و کۆنەکان ئەوەندە زۆرن بە پێویستی نازانین هەموویان بنووسینەوە، ئەگەرچی پێشتر گوتمان ئەم قۆناغە ڕێکەوتی تەمەنی پازدە ساڵی قوتابییان دەکات ئاستی قۆناغی خوێندنەکەیان ڕێگا دەدات وشەی بێگانە و کۆن وەربگرێت، بەڵام بەو ڕێژە زۆرەی ناو دەقە شیعرییەکان نا، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان تەنیا یەک کۆپلە شیعری (ئەحمەدێ خانی) بە نموونە باس دەکەین:

هەم ئەهلێ نەزەر نەبێن کو کرمانج

عیشقی نەکرن ژ بۆ خوە ئارمانج

تێکدا نەدتالبن نە مەتلووب

ڤێکرا نە موحیبن ئەو نە مەحبوب

بێ بەهرەنە ئەو ژ عیشق بازی

فاریغ ژ حەقیقی و مەجازی

کرمانج نە پڕ دبێ کەمالن

ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن

بیلجوملە نە جاهیل و نەزانن

بەلکی د سەفیل و بێ خودانن. ل١٣١

تەنیا لەم چەند دێرە شیعرەی قۆناغەکە چەندان وشەی بێگانە و گران بەرچاودەکەون، بۆ دوور کەوتنەوە لەم کێشەیە و ناساندنی (ئەحمەدی خانی) و ئاشناکردنی شیعرەکانی ئاساییە هەر لەناو (مەم و زین)ەکەیدا کۆپلەی وا هەڵبژێردرێت لەگەڵ ئەو مەبەستەمان یەک بگرێتەوە.

لە هەڵسەنگاندنی هەر سێ کتێبی قۆناغەکانی (٧- ٨- ٩)ی بنەڕەتی، لە ڕووی ئاستی وشەوە، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە بە گشتی لە هەڵبژاردنی شیعرەکاندا ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، کە هەر قۆناغێک لەم سێ قۆناغەدا قوتابی خاوەن چەشە و زەوق و تێڕوانینی تایبەتە و دەبێ ئەو شیعرانە بخرێنە پرۆگرامی خوێندنی ئەم بازنەیە، کە لە ڕووی پێکهاتەی وشەوە کەمترین وشەی بێگانە و کۆن و گرانی تێدا بەکارهاتبێت، یان بە گوێرەی قۆناغەکان ڕەچاوی تەمەنی قوتابییان نەکراوە، کە لە ڕێی خوێندنی زمانی ترەوە، بە تایبەتی زمانی عەرەبی فەرهەنگی وشە و زاراوەکانیان جیاواز دەبێت، بۆیە دەبێ لەناو خودی قۆناغی هەرزەکاریشدا بەگوێرەی پلەبەندیی تەمەن و قۆناغی خوێندن ڕەچاوی دەقەکان بکرێت، چونکە "سەبارەت بە منداڵ وشەکان ڕەوان و بەهێز و جوتن بن و دووربن لە هەڵەی ڕێزمانی، چونکە ڕەوانیی وشەکان و ئاسانی، لە ڕوونی وشەکان و دەستەواژە و بەستنیانەوە دەردەکەوێت" (مەحمود، ٢٠٠٤: ٤٨)، ئەمەش لە قۆناغەکانی ئەم بازنەیە ڕەچاونەکراوە، تا ببێتە جێگەی ڕەزامەندی و دڵخوازی قوتابییان.

## 3.1 ئاستی گشتیی شیعرەکان لە قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم:

مەبەستمان ئاستی گشتیی پێکهاتەی دێربەدێری شیعرەکانە لە ڕووی (زمان، وێنە، ڕیتم و بابەتی ڕەوانبێژییەوە)، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی شیعریی پێویست لە هەر سێ قۆناغەکان دێنینەوە.

## 1.3.1 ئاستی گشتیی شیعرەکانی پۆلی حەفتەم:

پێشتر و لە باسی پێکهاتەی وشەدا، ناوی ئەو شاعیرانەمان هێنا کە لەم قۆناغەدا نموونەی شیعرییان هێنراوەتەوە، بۆیە لێرەدا پێویست بە ناوهێنانیان ناکات.

شیعرەکانی ئەم قۆناغە لە ڕووی پێکهاتنەوە دوو جۆرن، نموونەی شیعری هەر سێ شاعیر (بەختیار زێوەر، سەلام و هێمن) تا ڕاددەیەکی باش لەگەڵ تەمەن و چەشەی قوتابییانی قۆناغەکە دەگونجێن و کەمترین وێنەی ڕەوانبێژی و گەمەی زمانییان تێدا کراوە، هەروەها لە ڕووی (ڕیتم) کێش و سەرواشەوە زۆر سووک و ئاسان دێنە بەرچاو، قوتابی لە خوێندنەوە و ئەزبەرکردنیان ئاستەنگێکی وای بۆ دروست نابێت، لەم کۆپلەیەی (هێمن) ئەمە دیارە:

(لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا

لە خۆشیدا لەکاتی پێکەنینا

لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا

ئەمن ئەی نیشتیمان تۆم هەر لە بیرە) ل١٥١

بەڵام لە نموونەی شیعری شاعیرانی وەک (ئەحمەد موختار بەگ، مەلا ئەنوەرێ مایی و قانیع) کەم تا زۆر لەو ڕووانەی باسمانکردن قوتابی تووشی کێشەی تێگەیشتن دەبێت، چونکە لە زۆربەی دێرەکاندا زمانی خوازەیی و وێنەی ڕەوانبێژی بەکارهاتوون، لەم دوو دێرەی (قانیع) دیارە:

(چەکی شۆڕشگێری من نووسین و بیروباوەڕە

ڕاپەڕینە، هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی شێرانەیە

قانیعم ئەمڕۆ لە زیندانا بە ئازادی ئەژیم

سەد هەزار لەعنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە) ل١٣٣

دیارە "بەکارهێنانی بابەتی ڕەوانبێژی لە شیعری گەورەدا کارێکی پێویست و گونجاوە بۆ بەهێزکردن و جوانکردنی لە پاڵ ئاواز و ڕیتم و ناوەرۆکی شیعرەکەدا، بەڵام بۆ شیعری منداڵان شارەزایان لە بواری ئەدەبی منداڵان وای بە باش دەزانن کە بەکارنەهێنرێ، یان هیچ نەبێ زۆر بە کەمی و بە سادەیی بێت" (مەحمود، ٢٠٠٤ :٥٤)، چونکە ئەم جۆرە هونەرە شیعرییانە لەگەڵ تەمەنی ئەم قۆناغە ناگونجێن.

### 2.3.1 ئاستی گشتیی شیعرەکانی پۆلی هەشتەم:

لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی گشتی شیعرەکانی (دڵدار، ساڵح یوسفی، سوارەی‌ئیلخانی زادە و ئەحمەد دڵزار) هەتا ڕاددەیەکی باش بۆ قۆناغەکە گونجاون، لە خوێندنەوە و تێگەیشتندا ئاستەنگ بۆ قوتابییان دروستنابێت، بەڵام لە شیعرەکانی تردا دەبینین لە ئەنجامی بەکارهێنانی وێنەی ڕەوانبێژی و گەڕانەوە بۆ داستان و ڕووداوە ئەفسانەیی و مێژووییەکان و زمانی خوازەیی، قوتابییان تووشی جۆرێک لە گرفتی تێگەیشتن دەبنەوە، لە شیعرەکەی (کاردۆخی) بە ناوی (پیرێوی زانا):

(پیرێو ڕیش چەرمە، دونیا دیدە وڕاس      زانا و فامیدە تەمام پیا خاس

ئاماو، دیش وەچەم، کەش و کۆ و سارا      قەبرۆ شەهیدا، جەدەگاو شارا

دیم، هەرەش پیما، تا واچی فەری      گرەوی و ناڵێ، دەنگی بەرز چڕی) ل١٦٤

به بڕوای ئێمە نەک هەر قوتابییان، بەڵکو بەشێکیش لە مامۆستایان گرفتیان بۆ دروستدەبێت، بۆیە واباشە لە هێنانەوەی نموونەی هەر شێوەزارێک لەپاڵ ئەو فەرهەنگۆکەی کە هەیە، واتای دێربەدێری شیعرەکە بنووسرێت.

لە شیعرەکەی (قەدری جان)یش ئەوەندە وێنەی ڕەوانبێژی و زمانی خوازەیی بەکارهاتووە، لەپاڵ شێوەزارە کرمانجییەکەیدا گرفت بۆ قوتابییان دروستدەکەن، لەم کۆپلەیەی شیعرەکەدا مەبەستەکەمان باشتر ڕووندەبێتەوە:

(مووسا و موریدێن وی

هەمی

بێ پر و بێ گەمی

ژ وێ دەریایێ دەربازبوون

ژ جەور و جەفایێ خەلاس بوون

مووسا ل سەر ڕەقسی

فیرعەون ل ور فەتسی

نەمروودێ بچووک

مە ب ئاگر دترسینە

پڤ مەشکا ڤالا

ئەی کەڤنارەیێ سالا...) ل١٣٣-١٣٤

ئەو شێوە لە بەکارهێنانی هێما و نیشانە لە تێک بەستنەوەی ڕووداوی (موسا و فیرعەون) و چیرۆکی (ئیبراهیم) لەم کۆپلەیەدا و بەستنەوەیان بەو زۆردارەییە شاعیر مەبەستیەتی جۆرێک لە ناڕوونی بۆ قوتابییان دروستبکات.

### 3.3.1 ئاستی گشتیی شیعرەکانی پۆلی نۆیەم:

شیعرەکانی ئەم قۆناغەش دوو جۆرن، هەیانە زمانێکی سادە و ڕەوان و کێشی ئاسان و کەمترین وێنەی ڕەوانبێژی تێدایە و ڕێک بۆ قۆناغەکە دەگونجێن، وەک شیعرەکانی (وەلی دێوانە، هەژار، دیلان، سەبری بۆتانی)، هەشیانە لە ڕووی کێش و زمان و بابەتەکانی ڕەوانبێژییەوە بۆ قۆناغەکە گونجاو نین، بۆ نموونە لە شیعرەکەی (پیرەمێرد) زمانێکی تۆکمەی خوازەیی و پڕ لە وێنەی ڕەوانبێژی بەکارهاتووە:

(ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا، لە ڕاستی مووچە خۆری خۆی

سوراحی سەر فرودێنێ لەبۆ پیاڵە کە تێکا بۆی

کە ئاو داری لەسەر سەرگرتووە، ئەیزانێ چی تیایە

لەلای نەنگە کە پەروەردەی نقوم کا، گەورەیی وایە...

چرا ڕووناکی بۆ ژێر خۆی نییە، ڕەحمەت لە با بیبا

ئەوی ڕوناکی کەچ بینایە گۆڕە ڕەنجی با بیبا) ل١٦٧

هێنانەوەی شیعری کلاسیکی بۆ قوتابییانی ئەم قۆناغە گران و زەحمەتە، چونکە ئاشکرایە شیعری کلاسیکیی کوردی کێشی عەرووزە "جگە لە شیعری زاری گۆرانی، کە لەسەر بنەمای چەندێتی هاتووە، هەمووی بەو جۆرە کێشە نووسراوە کە بە کێشی عەروزی ناسراوە و ئەم بنەمای کێشە لە عەرووزی عەرەبییەوە هاتووە" (گەردی، ٢٠١٤ :٦) ئەم کێشەش چەند جۆرێکە و هەر جۆرێکیش چەند پێیەکە، ئەمەش وا دەکات دێرە شیعرەکان لە ڕووی پێکهاتنەوە درێژبن و لە ئاستی تەمەنی قوتابییانی ئەم قۆناغە نەبن، ئەم دیاردەیەش لە شیعرەکانی (نالی، حاجی قادر و پیرەمێرد) بە ڕوونی دیارە، وەک لەم شیعرەی (نالی) هاتووە:

(دوێنێ چ بوو دەتدا بە زمان لافی کەڕامەت

ئەمڕۆ نەدەمت بوو، نەدەمت بوو، نەدەمت بوو

عومرت نەفەسێکە لە هەموو عالەمی باڵا

بمرە لە غەمیدا کە هەمووی سەرفی غەمت بوو

وەک شەڵتە پەیین گەە پڕو گەە خاڵییە بەتنت

سەوم و ئەمەلت باعیسی نەفس و شکەمت بوو

نالی چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی

خۆتۆ بە حیسابێ وەک پەروانە شەمت بوو) ل١٤٦

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، بە گشتی شیعرەکان لە هەر سێ قۆناغەکەدا لە ڕووی پێکهاتنەوە تا ڕاددەیەک گرانن و لە تێگەیشتنی قوتابییان دوورن، ئەگەرچی بەشێک لە شیعرەکان بێ کێشەن و بۆ قۆناغەکان گونجاون.

### 4.1 ناوەرۆکی شیعرەکانی قۆناغی بنەڕەتیی بازنەی سێیەم:

گومانی تێدا نییە ناوەرۆکی شیعر زیاتر لە ڕووخسارەکەی کاریگەری لەسەر خوێنەر جێدەهێڵێت، ئەگەر ڕووخسار هەندێک لایەنی جوانی و گەمەی زمانی پیشانبدات، ئەوا ناوەرۆک گفتوگۆ لەگەڵ خوێنەر دەکات، "ناوەرۆک گرنگیی خۆی هەیە لە ڕووی کارتێکردن و بزواندن و هەڵچوونی سۆز و دابینکردنی پێویستییە گیانی و دەروونییەکانی مرۆڤ" (مەحمود، ٢٠٠٤ :٥٨)، ئەمە ئەگەر بۆ مرۆڤە پێگەیشتووەکان وابێ، ئەوا بۆ منداڵان و هەرزەکارانی ئەم قۆناغە زیاترە، بۆیە دەبێت ئەو شیعرانەی دەخزێنرێنە ناو پرۆگرامی خوێندنی ئەم قۆناغە و قۆناغەکانی تریش ڕەچاوی توانا و چەشە و دونیابینی و زەوقی منداڵەکە بکەن، وا باشە ئەو شیعرانەی بۆ قوتابییانی ئەم قۆناغە دادەنرێن ئەو بابەتانە لەخۆبگرێت، کە سوودی بۆ گەشەی بیر و هۆشی قوتابییەکە هەبێ، نەک چەند شیعرێکی وشک و واتاگران و لە تێگەیشتن نەهاتوو، چونکە لە هەر قۆناغێک لەم سێ قۆناغەی بازنەی سێیەمی سیستەمی پەروەردەدا، قوتابی خاوەن تێگەیشتن و فەرهەنگی وشەی دیاریکراوە، نابێ بە زۆر شتێکی بەسەر بسەپێنرێت، کە لە توانای هزریی خۆی نەبێت.

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی زانستییانە ناوەرۆکی شیعرەکانی ئەم سێ قۆناغە لەگەڵ توانا و زەوق و چەشەی قوتابییانی هەر قۆناغێک بەراوردبکەین و ڕاددەی گونجانی شیعرەکان لەگەڵ تەمەن و توانای قوتابییانی قۆناغەکە دیار بکەین، وەک ئەوەی پێشتر لە ڕۆڵی شیعر لە پەروەردەکردندا باسمان کرد، بە پێویستی دەزانین کتێبی هەر قۆناغێک بەجیا وەربگرین و نموونە شیعرییەکانی بخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەوە.

### 1.4.1 ناوەرۆکی شیعرەکانی پۆلی حەفتەم:

قوتابییانی ئەم قۆناغە لە ڕووی تەمەنی پێگەیشتنەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ تەمەنی پێش خۆیان نییە، لە ڕووی پێگەیشتنی هزر و بیرەوە وەک مندالانی قۆناغی پێش خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن و حەز و ئارەزووەکانیشی گۆڕانێکی ئەوەندەی بەسەردا نەهاتووە. وەک ئاشکرایە منداڵ لەم تەمەنەدا حەز لە خوێندنەوەی بابەتی پۆلیسی و توند و تیژی دزی و تاوان و شتی ترسناک دەکات، حەزیش لە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار دەکات، بە تایبەتی ئەو گۆڤار و کتێبانەی باس لە بابەتی هونەری و وەرزش و گۆرانی و فیلمی سینەمایی و ئەکتەر و هەروەها حەز لە زانینی ژیانی میللەتان و مێژوو و سروشت و ئەو گیاندارانەی کە لە وڵاتی خۆی نین، دەکات (الهرفی، ١٩٩٦: ٧٠)، ئەگەر لەسەر قۆناغە تازەکەش بژمێردرێت، ئەوا تەمەنی لە سێزدە ساڵاندایە و منداڵیش لەم تەمەنە لە سەرەتای "لەدایکبوونێکی تازەیە، چونکە هەر هەرزەیەک دەبێ بە خاوەنی کۆمەڵێ خووڕەوشتی تازە، هەموو خەونەکانی منداڵی لەگەڵ خۆی دێنی" (مەحمود، ٢٠٠٤: ٣٨)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قوتابی لەم قۆناغەدا پەیوەندیی پتەوی بە قۆناغی پێشووتر ماوە، لەپاڵ زیادبوونی هەندێ خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی تازە.

قوتابی لەم قۆناغەدا لەپاڵ گەشەی جەستەییەوە، لە ڕووی دەروونیشەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و گواستنەوەی لە قوتابخانەی بنەڕەتیی بازنەی یەکەم و دووەم (سەرەتایی) بۆ بازنەی سێیەم (ناوەندی) هێز و تەکانێکی تازەی پێ دەبەخشێت و هەستدەکات کەسێکی ترە، ئەمەش هەنگاوی سەرەتایی دروسبوونی کەسایەتییەکەیەتی، ئەگەرچی کۆمەڵێک کێشەی بۆ دروستدەبن، بە تایبەتی کێشەی خۆناسین و بالقبوون، کە لە کۆمەڵگەی ئێمە و کۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان، گرێی دەروونی بۆ هەرزەکاران

دروستدەكات، بۆیە واچاكە لەم ڕووەوە بە شێوەیەكی هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بكریت، وا باشە لە پرۆگرامەكانی خویندن بە گشتی و بەشی نموونەی ئەدەبی پەرتووكی كوردی ڕەچاوی ئەو لایەنە بكرێت.

لە بەشی نموونەی ئەدەبی كتێبی قۆناغی حەوتەمدا باسی ژیانی هەشت شاعیر كراوە لەگەڵ هێنانەوەی نموونەیەكی شیعری بۆ هەر یەكێكیان، ئەوەی لە باسكردنی ژیانی شاعیرەكاندا جێگای سەرنجە، ئەوەیە كە بە گشتی بە درێژی باسی ژیانیان كراوە و هەندێ جار باس لە زاراوە و چەمكێك كراوە بێ ئەوەی پێویست بێت، یان بێ ئەوەی ڕوونكردنەوەی پێویستی لە بارەوە درابێت، وەك ئەوەی لە ژیانی (قانیع) باس لە چەمكی (ڕێبازی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە) ل١٣٢ كراوە، بێ ئەوەی پێشتر یان دواتر هیچ پێویستییەكی هێنانەوەی چەمكەكە باسكرابێت. وەك ئاشكرایە قانیع لەناو مێژووی ئەدەبی كوردیدا بە شاعیری چەوساوەكان ناسراوە، شاعیرێكە بۆ زۆر مەبەستی جۆراوجۆر شیعری نووسیوە، دەكرا شیعرێكی قانیع بۆ مەبەستی لایەنگریی چینی چەوساوە یان هەر مەبەستێكی تر هێنرابایەوە.

دیاردەیەكی تر لە نووسینی ژیانی شاعیراندا تێكەڵاوكردنی هەردوو شێوەزاری كرمانجی ناوەڕاست و سەرووە، بە بڕوای ئێمە ئەم دیاردەیە لەم قۆناغە پێویست نییە و هیچ ئاسانكارییەك بۆ قوتابییان ناكات:

هەرچی پەیوەندی بە دەقە شیعرییەكانەوە هەیە ئەوا لە ڕووی مەبەستەوە شیعرەكەی (ئەحمەدی ناڵبەند)ی لێدەرچێت، كە ئەڤینی و دڵدارییە، ئەوانی تر هەر حەفتیان (سیاسی و نیشتمانپەروەرین)، ڕاستە لەم قۆناغەدا قوتابی هەستی خۆشەویستی لە ڕێگەی شتی جوانەوە بۆ خاك و نیشتمان دەجولێت، دەكرێ لە ڕێگەی "خۆبەختكردن و بەرگری لە

چەوساندنەوە هەستی نیشتمانپەروەریێتیان تیا ببزوێنرێ" (مەحمود، ٢٠٠٤: ٤٠)، بەڵام ئەمەش بە واتای ئەوە نییە، کە هەموو یان زۆربەی زۆری دەقە شیعرییەکان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێن، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد منداڵ لەم تەمەنەدا هەست و خولیا و ئارەزووی بۆ زۆر لایەنی تر دەڕوات، کە ڕەنگە باسکردن و لەسەروەستانیان سوودی باشتر بە خودی ئەو مەبەستەش بگەیەنن.

لە سەرجەم دەقە شیعرییەکاندا تەنیا دەقەکەی (ئەحمەدێ نالبەند) ناوەرۆکی ئەڤینی و دڵدارییە، ئەمیش بۆ کەسانی گەورە و پێگەیشتوو نووسراوە، نەک بۆ قوتابییەکی هەرزەکاری ئەم قۆناغە:

(دوهی سپێدێ ل سەر بانی

م جانەک دیت ژ خەو ڕابوو

ژمال دەرکەت دەرێ خانی

م تەخمین کر زولەیخا بوو

زولەیخا بوو سیفەت حۆری

وەکی تیرێ ژمە ڕابووری

چوو سەر ئاڤێ ڕەخێ ژۆری

وەکی ڕۆژێ ل مە ئاڤابوو...) ل ١٥٥

ئەگەرنا شیعرەکەی (قانع- بوکی ئازادی)، (جگەرخوێن- شام شەکرە)، (بەختیار زێوەر- گوڵی سەربەستی)، (سەلام – وەتەن چییە؟)، (ئەحمەد موختار جاف – لەخەوهەستن)، (هێمن – نیشتمان تۆم هەر لەبیرە) و (مەلا ئەنوەرێ مائی – پرسێ من ژ خودێ)، هەموویان ناوەرۆکێکی سیاسی یان نیشتمانییان هەیە، بێ ئەوەی ڕەچاوی حەز و ئارەزووەکانی قوتابییانی قۆناغەکە کرابێت، هیچ مەبەستێکی تر دانەنراوە تاکو خۆشەویستیی قوتابییان بۆ خوێندنەوە یان بۆ پرۆگرامەکە زیاد بکات. ئەگەرچی لە باسکردنی ژیانی زۆربەی شاعیرەکان ئاماژە بەوە کراوە کە شیعریان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر نووسیوە، وەک ئەوەی لە ژیانی (بەختیار زێوەر) نووسراوە "هۆنراوەکانی زیاتر نیشتمانپەروەری و دلّدارین" ل١٤١، بەڵام بۆ ئەمیش هەر نموونەی نیشتمانی هێنراوەتەوە، هەمان شت بۆ (ئەحمەد موختار) و (هێمن)یش باسکراوە.

بە گشتی دەکرێ دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە لە ڕووی مەبەستەوە هەمەجۆربن و لە چوارچێوەی تاکە مەبەستێک نەخولێنەوە، هەروەها واباشە لە باسکردنی ژیانی شاعیرانیش شتێکی وا باس نەکرێت کە پێویست نەبێت، هێنانەوەی نموونە لە شیعری هاوچەرخ پێویستییەکی ترە، چونکە ئاشکرایە زمانی شیعری و چەمک و زاراوە و تێگەیشتن و دونیابینیی مرۆڤەکان لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دی جیاوازە، هەروەها بە پێویستی دەزانین لە ڕێگەی هێنانەوەی شیعری بێگانەی وەرگێڕدراوەوە لەم قۆناغە بە جیهانی دەرەوە و فەرهەنگ و تێڕوانینی میللەتانی دەوروبەر ئاشنابکرێن، کە ئەمەش بە تەواوی فەرامۆشکراوە.

### 2.4.1 ناوەرۆکی شیعرەکانی پۆلی هەشتەم:

قوتابییانی قۆناغی هەشتەم بە گوێرەی ساڵی لەدایکبوونیانەوە، بە شێوەی گشتی لە تەمەنی (١٤) ساڵیدان، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە تاکو

زیاتر لە بابەتەکانی  ژیان بگەن و لە قوتابییانی قۆناغەکانی پێشتر زیاتر زانیارییە گشتییەکان وەربگرن.

لە تەمەنی ئەم قۆناغە (هەرزەکار) زیاتر حەز لە بابەتی سۆزداری و پاڵەوانێتی دەکات و "کێشە و گیروگرفتیان زۆر دەبێ و ڕووحێکی سۆزداری لەلایان دروستدەبێت، جیهان لەبەر چاویان سەیر و نوێ خۆی دەبینێ، هەست دەکات کە داواکاری مەزنی لێ دەکرێت و هەستکردن بە خود و خەون و ئاواتەکان زیاد دەکەن" (مەحمود، ٢٠٠٤: ٣٨)، لەپاڵ ئەمانەشدا لە ڕووی جەستەییەوە گۆڕانکاری بەرچاوی لێ ڕوودەدات و "زیادەڕۆیی و خۆهەڵکێشان و فشەکردن و خۆدەرخستن وەک سیفەتێک لای هەرزە پەیدا دەبێ... لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە هێز پەیدادەکات، توانا عەقڵییەکانی دەکرێنەوە" (مەحمود، ٢٠٠٤: ٣٨)، ئەمانەش هەموویان پێکەوە دەبنە پاڵنەری بەهێز بۆ گۆڕانکاری لە حەز و ئارەزووەکانی، لە هەستە تێکەڵەکانی بە قۆناغی منداڵی دووردەکەوێتەوە و بیر و هزری بەلای بابەتی هەمەڕەنگ و سەرنجڕاکێش دەڕوات.

لە بەشی نموونەی ئەدەبی کتێبی قۆناغی هەشتەمدا، باس لە ژیانی چەند شاعیرێک کراوە، دواتر نموونەی شیعری بۆ هەر یەکێکیان هێنراوەتەوە، وەک قۆناغی پێشوو لێرەش شتی لابەلای ناپێویست لە ژیانی هەندێک لە شاعیرەکان باسکراوە، هەروەها هەمان دیاردەی تێکەڵکردنی هەردوو شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست و سەروو لە نووسینەوەی ژیانی شاعیران (جگەر خوێن و کامەران بەدرخان) بەدیدەکرێت: (کامیران و جەلادەت ژی چوونە ئەڵمانیا و دەست ب خاندنا بلند کر ل کۆلیژا حقوقێ باوەرنامە دکتۆرا وەرگرت، پاشان لە زانکۆی سۆربۆنی فەڕەنسی باوەڕنامەی بڵندی فەلسەفە و ئادابی وەرگرت...) ل١٥٨،   ئەمە لە کاتێکدا لە باسکردنی ژیانی (سادق بەهائەدین) ئەمە نەکراوە، ئەگەرچی ناوبراو وەک شاعیرانی تر (کرمانجی) نووسە، ئەگەر

ئەم دیاردەیەش بەهەر هۆکارێک بە پەسەند زانراوە، ئەوا دەبوو لە نووسینەوەی ژیانی (کاردۆخی)ی شاعیر هەمان ڕێچکە پەیڕەو بکرابایە و شێوەزاری (گۆران – هەورامی) تێکەڵ بە نووسینی ژیانی ناوبراو کرابایە.

دیاردەیەکی تری ناو ژیانی شاعیرەکان، جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنێکی گرنگی شیعری شاعیرێک، بەڵام لە هێنانەوەی نموونەی شیعری بەو لایەنەدا نەچوون و مەبەستێکی تریان هێناوەتەوە، وەک ئەوەی لە ژیانی (موفتی پێنجوینی) دیارە، "لە بواری بڕوابوون بەسەربەستی و توانای ئافرەت و هێنانە کۆڕی ئیشکردنی سیاسی و پشتبەستن بە توانای ئافرەت، هەمیشە ئافرەتی بۆ ئیشکردن و باوەڕبەخۆبوون هانداوە، سەربەستیی ئافرەتی بە بەردی بناغەی گۆڕانکاریی کۆمەڵ داناوە" ل١١٨، لەم سۆنگەیەوە دەبووایە لە دیوانی ناوبراو دەقێک هەڵبژێردرێت، کە لەگەڵ ئەو سەرنج و بڕوایانەی شاعیر بگونجێت، نەک دەقێکی نیشتیمانی، کە هەمیشە بۆ زۆربەی زۆری شاعیرەکان دووبارە بۆتەوە:

(گەورەیەک بۆ کەس نەبێ سێبەری

خۆم بۆ بگێڕم لە دەوری سەری

بە وشکی بۆچی ببمە مەیتەری

وەختێ دەرکەوێ هەستم لەبەری...)ل ١١٩

شیعرەکانی ئەم قۆناغە ژمارەیان (٨) دەقی شیعرییە، هەردوو دەقی (سوارەی ئیلخانی زادە و ئەحمەد دڵزار)ی لێ دەرچێت، ئەوانی تر بە گشتی بەلای مەبەستی نیشتمانپەروەری دەچن، وەک ئەوەی قوتابی لەم قۆناغەدا لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو و پێگەیشتووبێت، تەنیا لە لایەنی نیشتمانپەروەرییەوە نەبێت، بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی ئارەزوو و ویستی قوتابی لەم قۆناغە نەکراوە، ئەو حەز و خولیایانەی قوتابی لەم قۆناغە، کە

پێشتر باسمانکردن دوور و نزیک لە هیچ دەقێک بەرچاوناکەون، بە بڕوای ئێمە ئەوە دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم فێربوون و تێگەیشتن، هەروەها لەمپەرێک لەبەردەم قوتابییانی قۆناغەکە دروستدەکات و وایان لێدەکات بە شێوەیەکی ناحەزانە لە کتێبەکە و نموونە شیعرییەکان بڕوانن و بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دەقە شیعرییەکان تێکەڵ نەبن، چونکە لە هیچ ڕوویەکەوە ناتوانن خۆیان لەناو دەقەکان ببیننەوە.

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد، کە قوتابییانی ئەم قۆناغە چەند حەز و مەیل و ئارەزوویەکیان لەلا دروست دەبێت، بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو لایەنانە و پەروەردەکردنیان بە شێوەیەکی گونجاو، واباشە لە هێنانی نموونە شیعرییەکاندا ڕەچاوی ئەمە بکرێت و لە ڕێگەی ئەو جۆرە دەقانەوە وا لە قوتابییان بکرێت چاوکراوە بن و شەرم نەکەن و بەدوای دەقی هاوشێوە و مەبەستی جیاواز بگەڕێن، بەمەش بە گشتی خۆشەویستیی ئەدەب و شیعر لایان دروستدەبێت و لە ڕووی پەروەردەشەوە بەرەو کامڵبوون دەچن.

### 3.4.1 ناوەرۆکی شیعرەکانی پۆلی نۆیەم:

ئەم قۆناغە دوا قۆناغی بازنەی سێیەمی بنەڕەتییە، قوتابی لێرەدا لە ڕووی جەستە و هزرەوە تا ڕاددەیەکی باش پێگەیشتووە و ئامادەیە بەشداری کار و چالاکییەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگا بکات، حەز و ئارەزووەکانی زیاتر دەبن و فەرهەنگی بیرکردنەوەی دەوڵەمەند دەبێت، ئەمەش ڕێگاخۆشدەکات هەموو بابەتەکان وەربگرێت و ئارەزووی بۆیان بجوڵێت، "منداڵی ئەم قۆناغە ئەرکی گرانتر و مێشکی فراوانتر و ژیانی پڕ ئەرکتر دەبێت، حەز دەکات لە نهێنییەکانی جیهان و گەردوون شارەزابێت، ناسینی دەوروبەر لەلای زیاتر دەبێت و ئەو شتانەی پێشتر بەبێ لێکۆڵینەوە سەیری دەکردن ئێستا بیری لێ دەکاتەوە و تێڕوانینی بۆ ژیان چڕتر و قووڵتر دەبێ، هەست بە گەورەیی و سەربەستی و خۆدەرخستن

دەكات و بەرگری لە كێشە ڕەواكانی دەكات" (مەحمود، ٢٠٠٤: ٣٨)، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا، ئەگەر سەرنجێک لە دەقە شیعرییەكانی ئەم قۆناغە بدەین، دەبینین زۆربەی  لایەنەكانی ویست و ئارەزووی قوتابییان فەرامۆشكراون.

لەم قۆناغەدا ژیان و بەرهەمی شەش شاعیر باسكراوە، ئەو دیاردانەی لە ژیانی شاعیرانی قۆناغی حەوتەم و هەشتەم هەبوون، لێرەش دووبارەبوونەتەوە، كە باس لە ژیانی (حاجی قادری كۆیی) كراوە، نووسراوە (شیعرەكانی ئەو سەردەمەی حاجی لە تەوەری دڵداری و ئەڤینی دەسوڕانەوە)ل١٥٦، بەڵام كە هاتوونەتە سەر هێنانەوەی نموونەی شیعری ئەوا نموونەیەكی نیشتمانپەروەرییان بۆ هێناوەتەوە:

(لە ڕۆما كەوتە بەرچاوم كەسێكی هائیم و حەیران

بە هەیئەت تێی گەییم كوردە بە شێوەی ئەهلی كوردستان

كە چوومە خزمەتی پرسیم: برادەر خەڵكی كام جێگای؟

لەكام لا هاتووی؟ گریا، گووتی: بابان، گوتم بابان...) ل١٥٩

سەبارەت بە دەقە شیعرییەكانیش ئەوا لە قۆناغەكانی تر هەمەڕەنگترن و لە ڕووی مەبەستەوە دەوڵەمەندترن، شیعرەكەی (وەلی دێوانە) مەبەستی دڵداری و لاواندنەوەیە:

(یاران نە جەرگم، یاران نە جەرگم

من شەم شێوەیێ تیردان نە جەرگم

هەر وەخت كە مەیۆ ئاكامی مەرگم

ئەمانەت کەفەن نەکەن وەبەرگم...) ل١٦٢

هەروەها شیعرەکەی (هەژاری موکریانی) ناوەرۆکێکی سادەیە و باس لە جوانیی بەهار دەکات، ئەمەش تا ڕاددیەک جیاوازە لە دەقەکانی تر.

بە شێوەیەکی گشتی لەم قۆناغەدا دەقە شیعرییەکان وەک قۆناغەکانی دی هەر لە دەوری یەک مەبەست ناخولێنەوە، بەڵکو مەبەستی جیاواز لەخۆدەگرن.

## 2 . بەشی دووەم: گرنگیی ئەدەب و ڕۆڵی پەخشان لە پەروەردەکردندا

### 1.2 ڕۆڵی پەخشان لە پەروەردەکردندا

ئەدەب بە گشتی لە سەردەمێکی زۆر کۆندا لەناو گەلانی دنیادا هەبووە، ''ئەدەب سەرجەمی بەرهەمی نووسراو و چاپکراوی گەلێک، چەرخێک، یان هەموو مرۆڤایەتی دەگەیەنێت'' (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، و/ محەممەد،٢٠١٨: ١٤) واتە ئەدەب بەرهەمی هەموو مرۆڤایەتییە، نەک دەستە و تاقمێک ئەو نوخبەیەی کە شیعرێک دەنووسێت یان چیرۆکێک دەنووسێت لەژێر کاریگەریی کۆمەڵگاکەی دەینووسێت، کەواتە ئەوانیش بەشدارن لە لەدایکبوونی ئەو دەقە.

پەخشانیش بە هەموو جۆرەکانییەوە هیچی کەمتر نییە لە شیعر بۆ پەروەردەکرن و ئامۆژگاریکردنی مرۆڤ بە هەموو قۆناغەکانی تەمەنییەوە، لە ڕووی زاراوە و پەخشان واتە بڵاوکردنەوە وەک دەگوترێت بەرنامەکە ئەمشەو پەخش دەکرێت یان پارەکەی تەخشان و پەخشان کرد. ئەو ژانرانەی پەخشان، کە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و هەرزەکاران زیاتر سوودی لێ وەرگیراوە چیرۆکە، بێگومان ژانرەکانی تریش گرنگی و سوودی خۆیان هەبووە.

چیرۆک ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت لە پەروەردەکردنی ئەم قۆناغەی تەمەنی مرۆڤ کە هەرزەکارییە. چیرۆک ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە وشیارکردنەوەی مرۆڤ بە گشتی، هەروەک لەو پێناسەیەی سەرەوە دەرکەوتووە، کە چیرۆک تەنها لەناو گەل و نەتەوەیەک باو نییە، بەڵکو لەناو زۆربەی نەتەوەکاندا باوە و گرنگیی خۆی هەبووە و هەیە، کتێبە ئاینییەکانیش بەشێکیان چیرۆکە لەلایەک بۆ گێڕانەوەی مێژووی کۆن و لەلایەکیش بۆ پەند وەرگرتن لە بەسەرهاتەکان. "چیرۆک، کە بە بەچێژترین هونەرەکانی ئەدەبی دادەندرێت، چانسی بایەخ پێدانی زۆری هەبووە لە سەردەکانی ڕابردوو. چیرۆک ئەزموون و کارامەییەکانی مرۆڤی لە خۆیدا هەڵگرتووە و دەیگوازێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو" (أحمد، ٢٠٠٩: ٤٩). چیرۆک هەڵگری ئەزموون و ڕووداوەکانی ڕابردووە، بە بەرگێکی خەیاڵی و گێڕانەوەیەکی بە چێژ بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگێڕدرێتەوە.

ئەو دەقانەی، کە لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی لە نموونەی ئەدەب بۆ قۆناغەکانی (حەوت، هەشت و نۆ)ی بنەڕەتیدا هەن وەک پەخشانی کورت و باسکردنن، هەندێک دەقیشی تێدایە کە بە پەخشانن و هەوڵدەدەین شەنوکەویان بکەین.

هەموو دەقێک یان ژانرێکی ئەدەبی فۆرم و ناوەرۆکی هەیە، بۆیە واچاکترە بە جیا باسی فۆرم و ناوەرۆکی پەخشانی کوردی بکەین بە تایبەتی ئەو بابەتانە لەخۆبگرێت کە لەناو کتێبەکاندا هەن.

## 2.2 زمانی پەخشان لە قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم

لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی کەمتر بابەتەکانی پەخشان بەرچاودەکەوێت. ئەگەر بەراوردی بکەین بە شیعر دەبینین شیعر زۆرتری بەرکەوتووە، ئەمەش لە زۆربەی قۆناغەکاندا پەیڕەوکراوە. دیارە یەکێک لە هۆکارەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەدەبی ئێمە بە شیعر دەستپێکردووە، بۆیە ئەو نەفەسە هەر ماوە. ئەو جیاوازییەی ژمارەی دەقی شیعر و پەخشانەکانیش لەم خشتەیە بەڕێژەی سەدی ڕووندەکەینەوە.

خشتەی ژمارە (2)

| زنجیرە | پۆل | شیعر | | پەخشان | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەکەی | ڕێژەکەی | ژمارەکەی | ڕێژەکەی |
| 1- | حەفتەم | 8 | %72 | 3 | %27 |
| 2- | هەشتەم | 9 | %69 | 4 | %30 |
| 3- | نۆیەم | 6 | %66 | 3 | %27 |
| 4- | کۆی گشتی | 23 | %69 | 10 | %30 |

ئێمە ئەو بابەتانەمان وەرگرتووە، کە کەوتونەتە بەر بەشی نموونەی ئەدەب لە هەر سێ قۆناغەکاندا، لە بەشی خوێندنەوەدا بابەتی زیاتری پەخشان دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر هەمووی وەرگیرابایە زۆر دەبوو، بۆیە لە هەر قۆناغێکدا دوو نموونە لە بەشی خوێندنەوە وەرگیراون.

## 1.2.2زمانی پەخشان لە پۆلی حەفتەم

زمان لە قۆناغی حەفتەمی بنەڕەتی تا ڕاددەیەکی باش ئامانجی خۆی پێکاوە. لە بەشی ئەدەبدا دوو بابەتی پەخشان بەرچاودەکەون: یەکەمیان بەرزیی کوردی لە لایەن (عەبدولواحید نووری)ییەوە نووسراوە بە ناونیشانی (لاوان) لە لاپەڕە (١٦٣)ی چاپی دوازدەهەمی ساڵی ٢٠١٩. لەو دەقە پەخشانییەدا نووسەر جەخت لەسەر خوێندن و خویندەواری و بێ خەوشیی زمانی کوردی دەکاتەوە و بۆ لاوان و گەنجان ڕووندەکاتەوە کە زمانی کوردی لەڕ و لاواز نەبووە و نییە، ئێمە خۆمان لەڕ و لاوازین. بە زمانێکی کوردی جوان نووسیویەتی، بەڵام چەند وشەیەکی بەکارهێناوە ڕەنگە قوتابی لێی حاڵی نەبێت، وشەکانیش ئەمانەن (پاسوخ، تیپ، عاست، سەرزەنش)، پاسوخ وشەیەکی فارسییە واتە وەڵام. تیپ؛ مەبەستی پیتی زمانی کوردییە. عاست مەبەستی ئەوەیە هەر کەسە و لەلای خۆیەوە ئەو گوڵە ئاوبدا. سەرزەنش؛ واتە سەرکۆنەکردن یان سەرزەنشتکردن. ڕەنگە بە پێی ناوچەش بگۆڕێت بۆ نموونە قوتابییانی شار فەرهەنگیان دەوڵەمەندترە لە قوتابییانی گوند و ڕەنگە بیزانن.

لەلایەکی ترەوە نووسەر کاریگەریی زمانی ناوچەیی بەسەردا دیارە وەک لە بەکارهێنانی (ئە) لەجیاتی (دە) وەک لە وشەکانی (ئەڵێم، ئە ئاڵۆزێ، ئەژی) لەجیاتی (دەڵێم، دە ئاڵۆزێ، دەژی).

بابەتێکی تری پەخشان لەم قۆناغەدا بەرچاودەکەوێت ئەویش (بەرەو ڕووناکی)یە لە دانراوی ئیبراهیم ئەحمەدە لە لاپەڕە ١٦٧ی هەمان چاپ بڵاوکراوەتەوە. ئەم دەقە پەخشانە شیعرە و نووسەر بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و زمانێکی سادە بابەتەکەی دەربڕیوە لە کۆپلەی دووەم دەربڕینێکی هەندێک قورسی بەکارهێناوە وەک دەڵێت:

(ناوچەوانم تفی پیادا دێتە خوار

پێم شەلی داركارییە

فرمێسك لە چاوما قەتیس ماوە).

ئەم كۆپلەیە ڕەنگە قوتابی لێی حاڵی نەبێت و پێویستی بە ڕوونكردنەوە بێت لەلایەن مامۆستاوە. جگە لەو دەربڕینە ئەوەی تر هەمووی بە زمانێكی سادە نووسراوە و قوتابی كێشەی لە تێگەیشتنی نابێت.

لە بەشی خوێندنەوەدا دوو بابەتمان هەڵبژاردووە، یەكەمیان چیرۆكێكی فۆلكلۆری كوردی لە (شانۆی ناو ماڵ) وەرگیراوە بە دەستكارییەوە لە لاپەڕە ١٧٩-١٨٢. چیرۆكەكە باسی بەندەیەك و گەورەكەی خۆی دەكات كە هەژار دەبن و لە شارەكەی خۆیان كۆچ دەكەن بۆ شارێكی تر... هتد چیرۆكەكە. لە ڕووی زمانەوە چەند وشەیەكی تێدا بەكارهاتووە ڕەنگە قوتابی لێی تێنەگات وەك وشەكانی (تومەز، ئادەت، گاڤ، ئۆسا، خودانی، ئینساف، تەپڵی تۆپێن، لەتەكدایە، قەڵاچۆ) ئەم وشانە هەندێك قورسن و ڕەنگە قوتابی بە باشی لێیان حاڵی نەبێت. خاڵێكی ئەرێنی لە بوونی ئەم وشانە ئەوەیە كە قوتابی پرسیاریان لە بارەوە دەكات و دەیانناسێ و بەمەش فەرهەنگی مێشكی دەوڵەمەندتر دەبێت.

بابەتێكی تر لە بەشی خوێندنەوەی قۆناغی حەفتەمدا هەیە بە ناوی (ژیان چییە؟) لە لاپەڕە ١٩٤ی هەمان چاپی پێشوو. بابەتەكە بە زمانێكی سادە و ڕەوان و بێ كێشە نووسراوە و تەنها هەندێك وشەی گرانی تێدایە وەك (هەوری خەم، كوورەی تووڕەیی، بەدخوویی) ئەم وشانە بە شێوەیەكی میتافۆڕ بەكارهاتوون و ڕەنگە قوتابی لێیان حاڵی نەبێت.

## 2.2.2 زمانی پەخشان لە پۆلی هەشتەم

لە بەشی نموونەی ئەدەبدا لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی چوار بابەتی پەخشان هەن یەکەیەکە باسیان دەکەین. لە لاپەڕە ١٢٤ی چاپی یازدەهەمی ساڵی ٢٠١٨ی زاینی بابەتێک بە ناونیشانی ئەلف و یێ بەرچاودەکەوێت لە نووسینی (مارف بەرزنجی)یە بابەتەکە بۆ هەر پیتێکی زمان دەقێکی نووسیوە، زۆربەی بابەتەکە بە شێوەیەکی هێمایی نووسراوە و لە ناوەرۆکدا باسی دەکەین. چەند وشەیەکی تێدایە کە قورسن وەک (بەراوە خواکردەکان، ئاوی چاوی خاوەن بەراوەکان، ماران گاز، دایەی دۆزینەوە). زمانەکەی بە گشتی زمانێکی ڕەوانە و زاری کرمانجیی ناوەڕاستی بەکارهێناوە.

بابەتێکی تری پەخشان لەم قۆناغەدا (زمانی کوردی)یە کە لەلایەن (ئەمین زەکی بەگ)ەوە نووسراوە لەلاپەڕە ١٤٥ی هەمان چاپ. نووسینەکە وتارێکی زمانەوانییە باس لە زمانی کوردی دەکات وەک زمانێکی سەربەخۆ، وشەی بێگانەی زۆر تێدایە وەک (موتەفەکر، خوسوس، ماهییەت، مشابەهەت، بەعز، ئیستیعمال، دەلالەت، ئینساف، عەسر، تەرەف). ئەم وشانە هەمووی عەرەبین، ڕاستە سەردەمی ئەم نووسینە وشەی بێگانە بە تایبەتی عەرەبی باو بوو، جگە لە وشە عەرەبییەکان وشەکانی تر سادەن و قوتابی لێی تێدەگات.

بابەتێکی تری پەخشان لەم قۆناغەدا هەیە، کورتە چیرۆکێکی (کامیران بەدرخان)ە بە ناونیشانی (لاوکێ من) چیرۆکەکە بە زاری کرمانجیی ژوورووە و بۆ قوتابیانی سنووری سۆران تەواو قورسە و تێگەیشتنی ئاسان نییە، بەڵام ڕەنگە بۆ قوتابییانی سنووری بادینان بەم شێوەیە قورس نەبێت و وشەکان هەر هەمووی پێکەوە بۆ قوتابییانی سنووری سۆران قورسە یەک دوو دێڕ بە نموونە دەهێنینەوە (گاڤا کۆ فەرمانا کوردان ڕابوو ئەم هێژ نوو زەوجی بوون. شەڤەکێ تۆ پڕ درەنگ

مای و گاڤا تۆ هاتی مال، ددەستێن تە دە تفەنگەکە نوو و چەند سەد بەرک هەبوون...هتد). لەم دەقەدا جگە لە کۆی زمانەکە، دەبینین جێناوی (تۆ) هەیە کە لە کرمانجیدا (تۆ) نییە بەڵکو(تو)ە یان (تە)یە.

بابەتێکی تری پەخشان لەم قۆناغەدا کورتیلە چیرۆکی (سیامەند)ە، کە هی سادق بەهائەددین ئامێدییە ئەو کورتیلە چیرۆکەش بە زاری کرمانجیی ژوورووە و بە گشتی بۆ قوتابییانی سنووری زاری سۆرانی هەندێک قورسە و بۆ سنووری بادینان ئاسانە، چونکە زارەکەی تەواو کرمانجی نییە، بەڵکو بادینییە. لە سەرەتای کورتیلە چیرۆکەک هاتووە (سیامەند بازرگانەکێ مەزن بوو، گەلە لێ ب ڕاهاڤێر بوو. خەلکی باژێڕی ب جارەکی سەر تێ دکر...هتد). هەستی پێدەکەین کە زمانەکەی ئەوەندەش قورس نییە، وشەی(ب ڕاهاڤێر بوو)قورسە و هەموو کەس لێی تێناگات.

### 3.2.2 زمانی پەخشان لە پۆلی نۆیەم

لەم قۆناغەشدا چەندین بابەتی پەخشان بەرچاودەکەون. ئەوەی بابەتەکانی ئەدەب لەم قۆناغەدا لە وانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە سەرەتای ئەم بەشە بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەستپێدەکات. باسی ئەدەب و ڕەخنە و داستان و ...هتد دەکات. سێ بابەتی پەخشانی تێدایە و ڕوونیاندەکەینەوە لە لاپەڕە ١٣٩ هەتا١٤٣ی چاپی سێزدەهەمی ساڵی ٢٠١٩ باسی پەندی پێشینان دەکات و کۆمەڵێک پەندی وەک نموونە هێناوەتەوە. زمانی پەندی پێشینان زمانێکی سادەیە، چونکە ئەدەبی فۆلکلۆرییە و زمانێکی سادەیە و پەندەکانیشی لێکداوەتەوە بۆ نموونە (چ بچینی ئەوە دەدووریتەوە)، (چ بکەنە کارێ ئەو دێ هێتە خارێ) ئەوەی جێی سەرنجە دوو پەند یان زیاتری هێناوەتەوە بۆ یەک مەبەست کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەکارهاتوون و بەمەش بابەتەکەی زانستی تر کردووە.

بابەتێکی تری پەخشان لەم قۆناغەدا هی (میقداد مەدحەت بەدرخان)ە کە باسی دەرچواندنی ڕۆژنامەی (کوردستان) دەکات لە لاپەڕە ١٨٠ هەتا ١٨٢. بابەتەکە بە زاری کرمانجییە بۆ قوتابییانی زاری سۆرانی گرانە و بۆ قوتابییانی بادینی هەندێک باشترە. لە دوای باسکردنی بایەخ و گرنگیی ڕۆژنامەی کوردستان دێتە سەر باسی حاجی قادری کۆیی کە لە ژمارە٢ ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاویکردۆتەوە.

زمانی ئەو دەقەی باسی حاجی قادر دەکات زمانێکی تا ڕاددەیەک سادەیە، تەنها هەندێک وشەی بێگانەی تێدایە بە تایبەتی عەرەبی، جگە لە وشە عەرەبییەکان هەندێک وشەی کرمانجی تێدایە کە زۆر گرانە بۆ قوتابییانی سۆرانی وەک (خەبتی، ڕێ دکر، عەزمان) و چەندین وشەی تری عەرەبی، کە ڕەنگە قوتابییان لێی حاڵی نەبن نموونە (عالمەک ژ سۆرا هەبی سالا دی وەفات کر ڕەحمەتا خودێ لێ بە، خودێ گونەهێن وی بغەفرینە، ناڤێ وی(حاجی عەبدولقادر)بی، ئەڤ مرۆڤ ساغیا خوەدە گەلەک خەبتی دەرحەقا عەلماندنا علم و مەعریفە تێڕە...هتد).

بابەتێکی تری پەخشان لە قۆناغی نۆیەمدا بەرچاودەکەوێت پەخشانی (بەرخەکە)ی (شاکر فەتاح)ە، کە کورتە چیرۆکێکە دەتوانین بڵێین بۆ منداڵانیش دەشێت. بە زمانێکی سادە و ئاسان نووسراوە و پەیامەکەشی ئاشکرایە، وشەکانی سادەن و لە جیهانی ئەو قۆناغەدان. لە سەرەتای چیرۆکەکەدا نووسەر هەر خۆی ئاماژە بە تەمەنی کوڕەکەی دەکات وەک دەڵێت (کوڕەکەم لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا بوو، ڕۆژێک هەستیکرد بە ئاوارەیی و تەنیایی، ئەگەرا بۆ شتێک دڵی خۆی پێ خۆش بکات...هتد). (ل١٨٨)

لە بەشی خوێندنەوەدا چیرۆکی (گورگ و ئێستر)مان وەرگرتووە، لە لاپەڕە٢١٢-٢١٣ی هەمان چاپ. دیارە چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە و بە زمانێکی سادە نووسراوە و قوتابییانی ئەم قۆناغە زۆر باش لێی تێدەگەن و

لەوانەیە لەبەریشی بکەن. دوو وشەی تێدایە ڕەنگە هەموو قوتابییەک لێی تێنەگات وشەکانیش ئەمانەن (مرخ، لات). مرخ واتە خۆی بۆ حازر کردبوو، لات واتە زۆر لاواز.

### 3.2 ناوەرۆکی پەخشان لە قۆناغی بنەڕەتیی بازنەی سێیەم

لەم قۆناغەدا، کە سەرەتای هەرزەکارییە ناوەرۆکی بابەتەکانی پەخشان بە پێی پێویست نییە و لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی ئەو قۆناغە زۆر هاوتەریب نییە. باشتر وایە کە یەکەیەکە قۆناغەکان باس بکەین.

### 1.3.2 ناوەرۆکی پەخشان لە پۆلی حەفتەم

لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک بابەت بەرچاودەکەون، وەک لە پێشوودا باسی لایەنی زمانمان کرد، ئێستاش لایەنی ناوەرۆکەکەی ڕوون دەکەینەوە. لە لاپەڕە (١٦٣، ١٦٤) بابەتێکی عەبدولواحید نوری بەرچاودەکەوێت بە ناوی بەرزیی کوردی. ئەم بابەتە لە ڕووی ناوەرۆکەوە باس لە زمانی کوردی دەکات، کە زمانی کوردی زمانێکی دواکەوتوو نییە و وەکو زمانەکانی تری جیهان زمانی زانست و ئەدەب و سیاسەت و...هتد یە. باسی ئەوە دەکات کە تورکەکان ویستیان زمانی خۆیان بگۆڕن، بەڵام نەیانتوانی لە لایەکی ترەوە باسی کوردانی قەفقاسیا دەکات کە بە ناچاری لە نووسیندا فەڕەنسی بەکاردەهێنن.

ئەم نووسینە هەندێک دەربڕین و ڕەوانبێژیی تێدایە ڕەنگە بۆ قوتابییانی ئەم قۆناغە قورس بێت بۆ نموونە (ئێوە ئەگەر بە جەوهەرن بنووسن، ئێوە ئەگەر بە هۆشن بخوێننەوە... ئێوە ئەگەر لاون بنووسن و بخوێنن. بە خوتو خۆڕایی سەرزەنش مەکەن). قوتابی لەوە حاڵی نییە کە مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە مرۆڤ سەرەتا پێویستە بخوێنێتەوە و خۆی

پڕ زانیاری بکات ئینجا بنووسێت هەروەک لە سەرەتاشدا دەڵێت ئێمە خۆمان لەڕ و لاوازین لە خوێندندا کەمتەرخەم و لە نووسیندا بێباکین.

پەخشانێکی تری ئەم قۆناغە بابەتێکی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد)ە بە ناوی (بەرەو ڕوناکی). دەقێکی سادەیە لە بەکارهێنانی وشەکاندا، بەڵام وێنەی واتایی تێدایە، کە ڕەنگە هەموو قوتابییەکی ئەو قۆناغە لێی تێنەگات بۆنموونە:

(ناوچەوانم تفی پیا دێتە خوارەوە

پێم شەلی دارکارییە).

ئەو دەربڕینە هەموو قوتابییەکی ئەو قۆناغە لێی حاڵی نابێت. بابەتێکی سیاسیی نیشتیمانییە. ئەم قۆناغە خەون و حەز و ئارەزوویان بۆ بابەتە سیاسییەکان ناچێت ئەوەندەی بۆ بابەتەکانی ژیان و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەچێت.

بابەتێکی تری پەخشان لە بەشی خوێندنەوە وەرمان گرتووە*‘‘ لە لاپەڕە(١٩٤،١٩٥) بابەتێکە لەژێر ناونیشانی (ژیان چییە؟). ئەم بابەتە لە ڕووی ناوەرۆکەوە بابەتێکی سەرنجڕاکێشە و لەگەڵ تەمەن و حەز و خولیاکانی ئەو قۆناغە دەگونجێت، چونکە هەرزەکار بە دوای ژیانێک دەگەڕێت شایانی خۆی بێت و بە دوای وەڵامی چەندین پرسیار دەگەڕێت. یەکێک لەو پرسیارانە لەوانەیە ئەوەبێت کە ژیان چییە؟  هەر لە ناو بابەتەکە ئاماژە بە هەرزەکار دەکات، بەڵام بە وێنەیەکی ناشیرین کاتێک دەڵێت: (هەرزەکارێکیش، کە بەدخوویی هەڵیەتەکاندبوو، شەوانی لە باوەشی ڕابواردندا بە گەمە و دەستبازی بەسەر دەبرد، خەم و پەشیمانی لە درزی دەروازەی دڵییەوە سەرەتاتکێیان دەکرد دەیگوت: (ژیان ئارەزوویەکە تەخت نابێت، خەونێکە نایەتە دی‘‘. کەواتە بە قسەی

نووسەرەکە بێت هەموو هەرزەکارێک بەدڕەوشتە، ئەمەش ڕاست نییە، چونکە هەموو سیفەتێک و شتێک ڕێژەییە نەک بە ڕەهایی باسبکرێت.

### 2.3.2 ناوەرۆکی پەخشان لە پۆلی هەشتەم

لەم قۆناغەشدا کۆمەڵێک بابەتی پەخشان دەبینرێن، بابەتی (ئەلف و یێ) لە لاپەڕە(١٢٤-١٢٧) نووسەر(مارف بەرزنجی)هاتووە باسی زۆر شت دەکات. بۆ هەر پیتێک پارچە پەخشانێکی کورت دەکاتە نموونە، بەڵام لە هەندێک شوێندا دەربڕینەکانی قورسن و قوتابی لێی تێناگات. بۆ نموونە (بڕوانە ئاوی چاوی خاوەن بەراوەکان کە ڕوویان ئەکا بە بەراو). ئەم دەربڕینە بۆ هەرزەکارێک هەندێک قورسە و پێویستی بە لێکدانەوەیە. لە بەشێکی تری بابەتەکە نووسەر دەڵێت: (ڕووی بەفر سپی بێ ئەگینا چەقەی ددان وەک تەقەی دەنووکی لەقلەقی بەهار وا ئەبوو) ئەم دەربڕینەش قورسە و هەرزەکار حەزی پێناکات.

بابەتێکی تری پەخشان لەم قۆناغەدا کە چاومان پێی دەکەوێت بابەتەکەی (ئەمین زەکی بەگ)ە لە لاپەڕە (١٤٥-١٤٧) بە ناونیشانی (زمانی کوردی). ئەم بابەتەش بەلای هەستی نەتەوەییدا دەشکێتەوە باس لە بەرزیی زمانی کوردی دەکات، کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و لق و پۆپی هیچ زمانێکی تر نییە، ئەم بابەتە پڕاوپڕە لە وشەی بێگانە بە تایبەتی عەرەبی.

بابەتێکی تری پەخشان لەم قۆناغەدا چیرۆکی (لاوکێ من)ی (کامیران بەدرخان)ە، لە لاپەڕە (١٥٩-١٦١). ئەم بابەتە بە زاری کرمانجی نووسراوە و بە گشتی دەربڕینەکانی قورسن بۆ ئەم قۆناغە، ناوەرۆکێکی سیاسی و نەتەوەیی هەیە. ئەم بابەتە دوو قورسیی بۆ ئەم قۆناغە هەیە: یەکەمیان بە زاری کرمانجی نووسراوە. دووەمیان ناوەرۆکێکی سیاسی و

نەتەوەیی هەیە و باسی شەڕ و شۆڕ دەکات، کە ئەمەش بۆ ئەم قۆناغە ئەوەندە بە چێژ نییە.

بابەتێکی تری پەخشان لە قۆناغی هەشتەم کورتیلە چیرۆکێکی (سادق بەهائەدین)ە لە لاپەڕە ١٦٧ هاتووە وەکو کورتیلە چیرۆک وایە بە زاری کرمانجی ژووررووە تێگەیشتنی بۆ قوتابییانی ئێمە ئەوەندە قورس نییە و ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە و بابەتێکی سەرکەوتووە لەم قۆناغە داندراوە، چونکە باسی بازرگانی و ڕاستگۆیی و مەردیی سیامەند دەکات لە کاتێکدا سیامەند هیچ منداڵی نییە. ئێمە پێمان وایە نووسەر بە ئەنقەست چیرۆکەکەی وا داڕشتووە، کە کارەکتەرە سەرەکییەکە وەجاغکوێر بێت لە ناو کوردەواری ئیمە دەگوترێت کە ئەو جۆرە کەسانە ڕەزیلن و چاوچنۆکن، بەڵام نووسەر زیرەکانە دەیەوێت بڵێت مەرج نییە هەموو کەسێکی وەجاغکوێر ڕەزیل بێت.

### 3.3.2 ناوەرۆکی پەخشان لە پۆلی نۆیەم

لەم قۆناغەدا ئەم بابەتانەی پەخشان بەرچاودەکەون، چەند پەندێکی پێشینانی هێناوەتەوە و ڕاڤەی کردوون لە لاپەڕە١٤١-١٤٤، دەرکردنی ڕۆژنامە کوردستان لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان لە لاپەرەکانی ١٨١- ١٨٢، چیرۆکی بەرخەکە، کە  لە لایەن شاکر فەتاحەوە نووسراوە لە لاپەڕەکانی ١٨٨-١٩٠. پەندەکانی هێناوەتەوە و ڕاڤەی کردوون ئەمەش کارێکی زانستییە بۆ ئەوەی قوتابییەکان لێی حاڵی ببن. ناوەرۆکی زۆربەی پەندەکان لای قوتابییانی ئەم قۆناغە ئاسانە و لێی تێدەگەن. سروشتی پەندیش وایە، کە مەبەست واتا دوورەکەیە نەک واتا نزیکەکە، بۆ نموونە کە دەڵێت: (ڕاست بە و ڕێی شێر بگرە) مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە ڕاستگۆ بێت و بێ فڕوفێڵ بێت.

سەبارەت بە بابەتەکەی (مقداد مەدحەت بەدرخان)، کە باس لە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان دەکات. ئەم پارچە پەخشانەش بە زاری کرمانجی نووسراوە، بۆیە بۆ قوتابییانی ناوچەی سۆران ڕەنگە تێگەیشتنی ئاسان نەبێت، بەڵام بۆ قوتابییانی ناوچەی بادینان باشتر لێی تێبگەن و حاڵی ببن.

ناوەرۆکی ئەم پارچە پەخشانە باس لە بایەخی ئەو ڕۆژنامەیە دەکات و پێیوایە کە کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی تر بە توانا و زیرەکن، بەڵام بۆچی تا ئێستا ڕۆژنامەیەکیان نییە. بۆ نموونە (سەد هەزار شوکر و حەمد ژ خودێ تەعالارە ئەم موسلمان خەلق کرن و د زانینا عیلم و مەعریفەتێ دە هش و زەکادا مە) (لا١٨١). هەر لەو بابەتەدا پارچە پەخشانێکی تر هەیە ئەویش دەقێکە باس لە حاجی قادری کۆیی دەکات، کە لە پێشتر باسمانکردووە.

چیرۆکەکەی (شاکر فەتاح)، کە بە ناوی (بەرخەکە)یە. ئەم چیرۆکە باس لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات، لەو سەردەمەدا نووسەرێکی کورد بزانێت، کە منداڵ ئەوەندە حەزی لە ئاژەڵە و بەرخێک بۆ منداڵەکەی بکڕێت ئەوە وشیاریی نووسەرەکەی دەردەخات.

لە لایەکی ترەوە نووسەر زەینی ئاژەڵەکە دەخوێنێتەوە، ئەمەش تەکنیکێکی زیرەکانەیە وەک دەڵێت: (بەرخەکە لە خۆشەویستی و دڵسۆزی و چاودێریی دایکی بێبەش کرابوو، لە خۆشەویستی و دڵسۆزی و چاودێری کوڕەکەم دڵنیا نەبوو، بە شتێکی دەستکردی ئەدایە قەڵەم، ئەو حەزی ئەکرد بچێتەوە لای دایکی). (لا١٨٩). دواتر دێتە سەر ئەوەی جیاوازی دەکات لە نێوان خۆشەویستی و دڵسۆزیی دایکی بەرخەکە و کوڕەکەی خۆی واتە ئاژەڵ لە زۆر لە مرۆڤەکان دڵسۆزترن بۆ یەکتری. ئەوەی چیرۆکەکەی لاوازکردووە ئەو شێوازە ڕاستەوخۆیەیە، کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا باسی کردووە. وەک دەڵێت ''گەلێک لە نەتەوەکانی

ڕۆژهەڵاتیش داخەکەم لەو بەرخە بەستەزمانە ئەکەن! ئەوانیش هەرچەندە سەرۆکە خۆپەرستەکانیان خۆشەویستییان بۆ ئەنوێنن و یارمەتییان پیشان ئەدەن و چاودێرییان ئەکەن... بەڵام هەی هوو! تازە چاویان کراوەتەوە'' (لا١٩٠) ئەم شێوازە ڕاستەوخۆیە دەقی چیرۆک لاوازدەکات. بە گشتی چیرۆکەکە لەگەڵ حەز و ئارەزووی قوتابییانی ئەو قۆناغە دەگونجێت، بەڵام ئەگەر ئەم بابەتە لە پۆلی حەفتەم بوایە ڕەنگە پەسەندتر بوایە.

لە کۆتاییی ئەم بەشەدا دەتوانین بڵێین بابەتەکانی بە پەخشان نووسراو لە زۆربەی قۆناغەکاندا کەموکورتییان زۆرە و دەکرێ چاوپێداخشاندنەوەی پێدا بکرێت و زیاتر بگونجێندرێن لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی هەر قۆناغێکی ئەم تەمەنەی هەرزەکاران.

## ئەنجام

بە گشتی لە ڕووی زمانەوە، بۆ هەڵبژاردنی دەقە شیعرییەکانی هەر سێ قۆناغەکە، ڕەچاوی تەمەن و چەشە و زەوقی قوتابییان نەکراوە، بە یەک نەفەس دەقە شیعرییەکان بەسەر قۆناغەکان دابەشکراون، ئەگەرچی دەبوایە ئەو دەقانە هەڵبژێردرابان، کە لە ڕووی زمانەوە سادە و ڕەوانن و کەمترین ئاستەنگ بۆ تێگەیشتنی قوتابییان دروستدەکەن.

ئەو شیعرانەی فۆڕمی نووسینیان گرانە یان لە زار و شێوەزارەکانی تر وەرگیراون، لەپاڵ ئەو فەرهەنگەی بۆیان دانراوە، لێکدانەوەی واتایان بۆ نەکراوە، وەک شیعرەکەی (کاردۆخی) لە قۆناغی حەفتەم و (جگەرخوێن) لە قۆناغی هەشتەم.

لە پێکهاتەی دەقە شیعرەکاندا بابەتی ڕەوانبێژی هەیە، لە نموونەکەی (قانع) لە قۆناغی حەفتەم و هی (پیرەمێرد)یش لە قۆناغی نۆیەم، ئەم دیاردەیە دیارە، ئەمەش بۆ قوتابییانی ئەم قۆناغانە گران و زەحمەتە، ڕەچاوی تەمەن و پلەبەندیی خوێندنی ئاستەکە نەکراوە.

لە ڕووی مەبەستەوە ڕەچاوی تەمەنی قوتابیی هەرزەکار نەکراوە، بە تایبەتی لە قۆناغی حەفتەمدا لە کۆی (٨) دەق، تەنیا یەکێکیان بۆ مەبەستی ئەڤینی و دڵدارییە ئەمیش بۆ پێگەیشتووانە نەک هەرزەکاران، لە قۆناغی هەشتەمیشدا لە کۆی (٩) دەق تەنیا دوو دەق بۆ ئەم مەبەستەن، ئەگەرنا هەموویان بۆ مەبەستی نیشتیمانی و نەتەوایەتین، هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە قۆناغی نۆیەم بەرچاوناکەوێت.

لە هیچ لە سێ قۆناغەکەدا ئاوڕ لە دەقی وەرگێڕدراو نەدراوەتەوە، بە تایبەتی شیعری ئەو شاعیرانەی لە ڕووی پەروەردەوە ناوبانگی جیهانییان هەیە.

له بابەتەکانی پەخشاندا ڕەچاوی تەمەنی جیاواز نەکراوە بەیەک چاو سەیری هەر سێ پۆلەکە کراوە.

بابەتەکانی پەخشان زۆربەیان باسی مەسەلەی نەتەوایەتی و سیاسی دەکەن، زۆر کەم ئاوڕ لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گشتی دراوەتەوە.

تەنها بایەخ بە دەقی ئەدەبی دراوە و بەشی خوێندنەوە پشتگوێخراوە.

**ڕاسپاردە و پێشنیاز بۆ وەزارەتی پەروەردە**

سەبارەت بە بەشی ئەدەب لە قۆناغی بنەڕەتی بازنەی سێیەم پێشنیازدەکەین:

پێداچوونەوە بە بابەتەکانی ئەدەب لە هەر سێ پۆلەکە بکرێتەوە و لیژنەیەکی پسپۆڕ و ئەکادیمی ئەم کارە بکەن.

بەشی فەرهەنگۆک زیاتر بایەخی پێبدرێت و دێڕەشیعرەکانیش لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

بابەتی هەمەڕەنگ و نزیک لە قۆناغی هەرزەکاری بهێنرێتە ناو پڕۆگرامی خوێندنەوە.

بایەخ بە دەقی وەرگێڕدراو بدرێت بۆ ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن.

**پەراوێز**

(*) توێژینەوەکەی ئێمە لە چوارچێوەی دەقەکانی نموونەی ئەدەبە، هەموو دەقەکانی نموونەی ئەدەبمان وەرگرتوون، بەڵام لەبەرئەوەی دەقەکانی

شیعر زۆرتربوون لە پەخشان بۆ دروستکردنی هاوسەگی هەندێک بابەتمان لە بەشی خوێندنەوە وەرگرتوون.

## سەرچاوەکان

### کتێب:


- ئەمین، عەبدولقادر محەمەد، ٢٠٠٢، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- باڵەکی، یادگار ڕسول،٢٠٠٥، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی(١٨٩٨-١٩٣٢)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.
- بکر، د.محمد، ٢٠٠٤، پەخشانەشیعری کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ئیسماعیل، نەسرین ڕەئوف، ٢٠١٠ ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا(١٩٢٠-١٩٥٨)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- رسول، د.عزالدین مصطفی، ١٩٩٠، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی(التعلیم العالی)، هەولێر.
- ژاڵەیی، ١٩٨٣، جەلال خەلەف، منداڵ لە قۆناغی دوادوامنداڵیی و هەرزەکاریدا، چاپخانەی حسام، بەغدا.
- شریف، عبدالستار طاهر، ١٩٨٠، پەروەردە و مناڵ، بەغدا.
- عیسا، هاوژین سڵیوە، ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- فەرهادی، حەمە صالح، ١٩٨٨،چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بغداد.

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف،٢٠٠٩، سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار) چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- قەرەنی، ئەحمەد، ٢٠٠٨، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا(نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- گەردی، عەزیز، ٢٠١٤، کێشناسی کوردی، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر.

- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ،٢٠٠٩، سیستەمی قوتابخانە پەروەردەییەکان، هەولێر.

- مەحمود، فازل مەجید،٢٠٠٤، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- هاڵبێرگ، پیتەر هاڵبێرگ، و/ ئەنوەر قادر محەممەد،٢٠١٨، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، سلێمانی، چاپی سێیەم.

- هەورامی، حەمە کەریم، ٢٠٠٧، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- أبومعال، عبدالفتاح، ٢٠٠٥، أدب الأطفال وأساليب تربيتهم وتعليمهم وتثقيفهم، عمان-رام الله، دارالشروق للنشر والتوزيع.

- الحاج محمد، د. احمد علی، ٢٠٠٨، فەلسەفەی پەروەردە، و: طه محمود، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- أحمد، سمير عبدالوهاب، ٢٠٠٩، قصص و حكايات الأطفال وتطبيقاتها العملية، عمان/ الأردن، دار المسيرة.

- الداغستاني، سناءعيسى،٢٠١٧، علم النفس الأجتماعي-نظريات ودراسات، دار الحمراء، بيروت.

- رينولدن، كيمبرلى، ت. ياسر حسن، ط١، ٢٠١٤، الهنداوى للتعليم والثقافة، القاهرة .

- عبدالمجيد، جميل طارق، ٢٠٠٥، اعداد الطفل العربي للقراءة و الكتابة، ط١، دار الصفاء، عمان.

- الهرفي، د.محمد على، ١٩٩٦، أدب الاطفال(دراسه نظرية تطبيقيه)، دار الاعتصام القاهره.

- الهيتى، هادى نعمان، ١٩٩٧، ادب الاطفال فلسفته فنونه وسائطه، دار الحرية للطباعة، بغداد.

- بياجيه، جان، ١٩٩٤، علم التربية و سيكولوجيةالطفل، ت/ عبدالعلى الجسماني، دار العربية للعلوم، بيروت.

- كنعان، أحمد على، ١٩٩٥، أدب الأطفال والقيم التربوية، دار الفكر، دمشق.

**گۆڤارەکان:**

- ل. ئەزموونەکان، پەروەردەی کۆن یان پەروەردەی نوێ، گۆڤاری پەروەردە و فێرکردن، ژمارە ٣، ٢٠٠٩.

**ئەنتەرنێت:**

- https://govkrd.b-cdn.net/Ministries/Ministry%20of%20Education/Kurdis

h/%D8%B3%DB%8C%D8%B3%D8%AA%DB%95%D9%85%20%D9%88%20%D8%AE%D9%88%DB%8E%D9%86%D8%AF%D9%86/%D9%8A%D9%94%D8%A7%D8%B3%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C%20%D8%AE%D9%88%DB%8E%D9%86%D8%AF%D9%86/1.%20%D9%8A%D9%94%D8%A7%D8%B3%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C%20%D8%AE%D9%88%DB%8E%D9%86%D8%AF%D9%86.pdf:

**الملخص**

تكمن أهمية هذا البحث في أنه يركز على المحاسن والمساوئ في الأمثلة الأدبية الكردية في كتب اللغة والأدب الكردية في المرحلة الأساسية للدائرة الثالثة في المراحل السابعة و الثامنة و التاسعة.

الموضوعات تتضمن فن الشعر والقصص والخطب الأدبية وغيرها الكثير من الأغراض الادبية. ولأن المرحلة الأولية من الدائرة الثالثة هي مرحلة المراهقة، لذلك فإن التعامل معها ليس بالمهمة السهلة.

إلى أي مدى تتوافق هذه النصوص نفسيا مع ذلك العصر والغرض منه؟ ما مدى طبيعة الكلمات ولغة القصائد وتقنية القصة المستخدمة ف يالنص وإلى أي مدى هي فنية وتتكيف مع رغبات الطالب؟ وتركز الدراسة على أهمية الشعر وأهميته في المراحل الأساسية الثلاثة للدائرة الثالثة، من حيث شكل ومضمون الشعر. وفي الجزء الثاني ناقشنا النثر والمقالات المكتوبة بالنثر من حيث الشكل والمضمون، ثم توصلنا إلى بعض الاستنتاجات والمصادر والتوصيات والاقتراحات المقدمة إلى وزارة التربية.

الكلمات المفتاحية( النقد، المرحلة الأساسية، الدائرة الثالثة، الشعر، النثر).

**Abstract**

The importance of this research is that it focuses on the good aspects and shortcomings of Kurdish literary examples in the Kurdish literary textbooks in the elementary level, particularly, stages 7, 8 and 9.

The topics include poetry, stories, literary speeches and more other genres. The intended audiences are third circle, dedicated for teenagers so that dealing with this group age is not an easy task.

To what extent do these textbooks psychologically suit this age group? To what extent are the employed words, the language and the techniques of poems as well as the stories artistic and reflect the group's desires? The study focuses on the importance of poetry in the three main stages of the third episode, in terms of the shape and content of the hair. In the second part, we have discussed prose and its relevant studies written in prose in terms of form and content. Then we conclude some important points including relevant sources, recommendations and suggestions submitted to the Ministry of Education.

Keywords: (criticism, The basic stage, The third circle, poetry, prose)